Copyright © Open access article with CC BY-NC-ND 4.0

# سیاسەتی کۆمەڵایەتیی حووکمەتی هەرێمی کوردستان لە بەرامبەر کێشەی گەنجاندا: بەسەرنجدانە سەر کەلێنی نەوەکان

**ئاشنا قادر محمد**
aqm600h@soc.soran.edu.iq

**م.د. عادل باخەوان**
adel.bakawan@gmail.com

**بەشی کۆمەڵناسی، فاکەڵتی ئاداب، زانکۆی سۆران، هەرێمی کوردستان.**

## پوختە:

ئەم توێژینەوەیە، بریتییە لە هەڵسەنگاندن و دەرخستنی کایگەریی کەلێنی نەوەکان، کە چۆن بووە بە هۆکارێک کە حوکومەتی هەرێمی کوردستان نەیتوانیوە سیاسەتێکی گونجاوی بەرامبەر پرسی گەنج و کێشەکانیان لە کۆمەڵگادا هەبێت. ئەو ئامانجەش لە پرۆسەی بەدیهێنانی سیاسەتێکی کۆمەڵایەتیی بەهێز لە ناو سیاسەتەکانی حوکومەتی هەرێمی کوردستاندا چڕبۆتەوە. بۆ کۆکردنەوەی زانیارییەکانیش، میتۆدی چۆنایەتیی، ئامرازی چاوپێکەوتنی قووڵ و نموونەی مەبەستدار بەکارهاتووەوە. لەپاڵ ئەوەشدا، کۆمەڵگە و نموونەی توێژینەوە پێکهاتووە لە ١٠ کەسایەتیی، کە بریتیین لە هەموو ئەو کاراکتەر و کەسایەتییە سیاسیی، ئەکادیمیی و رۆشنبیرانەی دەستەبژێرن و دەوڵەمەندن بە زانیاریی سەبارەت بە بابەتەکانی تایبەت و پەیوەست بە تویژینەوەکە. دوای دەستخستنی زانیارییەکان، یەکێك لەو ئەنجامانە بریتییە لەوەی، کەلێنی نەوەکان دابڕانێکی زۆری درووست کردووە لە نێوان گەنج و دەستەبژێری سیاسیی لە هەرێمی کوردستان، کە بووە بە هۆی ئەوەی نەتوانرێت وەک پێویست سوود لە دەرفەتەکان و سەرچاوەکان وەربگیرێت، هەروەها گەنج نەیتوانیوە بە هۆیەوە گوزارشت لە مافەکانی بکات. ئەم دابڕانە زۆرە هۆکارێک بووە بۆ ئەوەی دەستەبژێری سیاسیی کورد و تەنانەت دەستەبژێری رۆشنبیریش وەك پێویست نەیانتوانیوە سوود لە هێز و توانای گەنج وەربگرن و دەرفەتەکان بەکاربهێنن، بۆ ئەوەی حوکومەتێکی تەکنۆکراتیی، دامەزراوەیی و نیشتیمانیی درووست بکەن، بۆ ئەوەی متمانەی جیهان بەو هەرێمە پەیدا بکەن. هەرچەندە بەشێکی ئۆباڵەکەی ئەکەوێتە ئەستۆی جیۆپۆڵەتیکی هەرێمی کوردستان، کە لە ناوچەیەکی ستراتیژیی جیهان دایە و ناسراوە بە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست، چونکە هەر لە دێرزەمانەوە شوێنی ململانێی زلهێزەکانی جیهان بووە، ئەمەش وای کردووە کە حوکومەتی هەرێم زیاتر گرنگیی بە بابەتە نێودەوڵەتیەکان و چارەسەکردنی کێشە و ململانێکان و بەهێزکردنی پەیوەندییەکانی هەرێم بدات و، کەمتر بپەرژێتە سەر بابەتەکانی تر و بەتایبەتیش پرسەکانی پەیوەندار بە گەنجەوە.

**کلییلە وشەکان: گەنج، کەلێنی نەوەکان، سیاسەتی کۆمەڵایەتیی.**

Recieved: 2/12/2023
Accepted: 28/3/2024

## پێشەکیی:

چەمکی کەلێنی نەوەکان ماوەیەکی زۆرە درووست بووە، بەڵام لەم ساڵانەی دواییدا زیاتر لە کۆمەڵگەکاندا دیار بووە و ئێستا وەک کێشەیەکی سەرەکیی سەیر ئەکرێت. هەر وەک لە پێناسەدا هاتووە کەلێنی نەوەکان بریتیە لە جیاوازیی نێوان هەڵبژاردنی کەسیی و بۆچوون و تێڕوانین بۆ نەوە جیاوازەکان، کە ئەبێت بە هۆی ناکۆکیی و کەلێنی نێوان ئەندامانی نێوان دوو نەوەی جیاواز. ئەمەش کایگەریی نەک تەنها لەسەر پەیوەندییەکان بەڵکو کایگەریی لەسەر چالاکییەکانی رۆژانەش هەیە. بە هۆی پێشکەوتنی تەکنەلۆژیای نوێ و نەبوونی پەیوەندییەکی باش و پێشکەوتووی نێوان نەوەی گەنج و نەوەی بەساڵاچوو، کەلێنی نەوەکان درزێکی گەورەی لە ناو پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکاندا درووست کردووە. چەندین هەوڵ و لێکۆڵینەوە کراون بە مەبەستی تێگەیشتن لە هۆکارە سەرەکییەکانی ئەم پرسە، بۆ ئەوەی هەوڵبدرێت هەندێک چارەسەر بدۆزرێتەوە تا بە جۆرێک لە جۆرەکان پێش بە پەرەسەندنی ئەو ململانێیانە بگرێت کە لە نێوان نەوە جیاوازەکاندا سەرهەڵئەدەن.

تەمەن یەکێک لە بنەڕەتیترین لایەنەکانی ژیانی مرۆڤە. جیاوازیی تەمەن کە بە (نەوە) ناوئەبرێت رۆڵێکی چارەنووسساز ئەگێڕێت لە ژیانی مرۆڤدا چونکە ئەبێت بە هۆی کەلێنی نێوان نەوەکان کە جیاوازیی بۆچوونە لە نێوان نەوەیەک و نەوەیەکی تر سەبارەت بە بیروباوەڕ، سیاسەت، یان بەهاکان. ئەمەش لە ساڵانی شەستەکاندا سەرنجی درا و بووە هۆی دەستپێکردنی لێکۆڵینەوەکان لە شێوەی تیۆرییەکی کۆمەڵناسی بە ناوی کەلێنی نەوەکان (L & R، ٢٠٠٧: ٤١).

بەپێی تیۆرییە کۆمەڵناسییەکان، هەر نەوەیەک رووبەرووی رووداوی مێژوویی و کلتوور و ئاڵەنگاری ئابووریی و بەرکەوتنی جیاواز ئەبێت بووە، کە تێڕوانین و عەقڵیان لە قاڵب ئەدەن. بۆیە کاتێک دوو نەوەی جیاواز کارلێک ئەکەن بە دڵنیاییەوە ئارگومێنت و جیاوازیی بیروڕا درووست ئەبێت کە بە کەلێنی نەوە ناوئەبرێت.

ئەم جیاوازییانەی لە بەرکەوتن و ئەزموونی نەوەکاندا هەبووە زیاتر لە سەدەی بیست و یەکدا بووە، ئەمەش بە هۆی شۆڕشی تەکنەلۆژیاوەیە، نەوەی گەنج بەرکەوتەی جیهانێکن کە بە سیستەمی بەجیهانیبوون تەنراوە. ئەوان مەیلیان بەلای ئەو ئاڵەنگاریانەدایە لە شێوازی ژیانی نەریتی خۆیان رووبەرووی ئەبنەوە، بۆ نموونە کلتوور، سیستەمی بەها و هتد... کە لەلایەن نەوەی بەرامبەرەوە چاوپۆشی لێ ناکرێ و رەت ئەکرێتەوە، ئەمەش هۆکارە بۆ ئەوەی ململانێ لە ناو نەوەکاندا زیاتر توندتر بکات. ململانێکانیش دەرئەنجامی بەشارستانیبوون، پیشەسازیی و جووڵەی خێزانەکانن لە گوندنشینیەوە بەرەو شارنیشینیی کە لە سەدەی ئێستادا زیاتر باو بووە (G & UA، ٢٠٠٥).

روونکردنەوەیەکی تر ئەوەیە کە ئێریکسۆن پێشکەشی کردووە و پێی وایە کە (نەوەی بەساڵاچوو لە قۆناغی بەرهەمهێناندایە کە ئەیانەوێت سیستەمی بەهاکانیان بگوازنەوە بۆ دواتر، کە بەدوای سەربەخۆیی و ئازادیی خۆیانەوەن گرینگی بە سیستەمی ئەوان نادەن، ئەمەش هۆکارە بۆ درووستبوونی پێکدادان لە نێوان سیستەمەکانیان) (L, LG & MA، ٢٠٠٩: ٣٨٨-٤٠٧).

دۆخەکە بەرەو خراپبوون ئەچێت کاتێک هەر یەکێک لەم نەوە جیاوازانە سەرقاڵی چالاکییە سەرەتاییەکانیانی ژیانیانن، ئەندامەکانی ئەم نەوە جیاوازانە لە رووی کۆمەڵایەتییەوە لە یەکتری دائەبڕێن. ئەم جیابوونەوەیە لە نێوان نەوەی گەنج و بەساڵاچوو بووە بە هۆی نەبوونی بەرکەوتن و تێکەڵاویی بەردەوامی نێوان نەوەکان و، گەشەکردنی تێڕوانین و تێگەیشتنە هەڵەکان لە نێوانیان، کە زیاتر بە هۆی گەشەسەندنی تەکنەلۆژیاوەیە و بە تایبەتیش سەردەمی ئەمڕۆ کە پێشکەوتنی ئینتەرنێت جەختی لەسەر ئەکرێتەوە (LS، ٢٠٠٩: ٣٨٨).

گۆڕانکارییەکان زۆر خێرا ڕوودەدەن لە جیهاندا، ئەمەش بە هۆی هاتنە کایەی تەکنەلۆژیا و داهێنانە زانستییەکانەوەیە کە کاریگەرییان لەسەر شێوازی ژیان و پرۆسەی بیرکردنەوەی نەوە جیاوازەکان هەیە و، بەم شێوەیەش ئەو کەلێن و بۆشاییەی نێوان نەوەکان زیاد ئەکات کە لە رابردوودا هەرگیز نەبینراوە.

شاپیرۆ ئەڵێ "کێشەی کەلێنی نەوەکان لێرەدایە، تا ئەو بۆشاییە زیاتر بێت، ئەنجامی توندی لێ ئەکەوێتەوە، بۆیە چارەسەرە ئەگەرییەکان پێویستە دڵنیا بکرێنەوە". لە دونیای زانستدا کەلێنی نەوەکان مەودایەکی بەرفراوانی وەرگرتووە، کە بووە بە هۆی سەرهەڵدانی لێکۆڵینەوەی زۆر لەم بوارەدا کە هۆکار و چارەسەرە ئەگەرییەکانی دەربخرێن" (Shapiro A, ٢٠٠٤: ٥٨).

## پێناسەی چەمکە زانستییەکان:

١.٢ کەلێنی نەوەکان (Generations Gap):

بەپێی زانستە مرۆڤایەتیەکان و بە تایبەتریش زانستی کۆمەڵناسیی، چەمکی کەلێنی نەوەکان ئاماژەیە بۆ جیاوازیی بەهاکان و سیستەمی بیروباوەڕ و هەڵوێستەکانی نێوان دوو گروپی تەمەنیی جیاواز. دیاردەیەکی سروشتییە کە بە هۆی پێشکەوتن و گۆڕانکارییەکانی جیهانەوە دروست ئەبێت، وەک پێشکەوتنی تەکنەلۆژیی، پەرەسەندنی بەها کۆمەڵایەتییەکان، نۆرمە کلتوورییەکان، گۆڕانکاریی لە شێوازەکانی پەیوەندییکردن. کەلێن یان جیاوازیی تەمەن لە نێوان دوو کۆمەڵە مرۆڤدا، بەتایبەتی نێوان منداڵ و باوانیان، لە ژێر کایگەریی گۆڕانی کات و کلتوور و شێواز ژیان و ئەخلاقدایە. ئەم دیاردەیە ئەتوانێت ببێت بە هۆی ناکۆکیی لە بیرکردنەوە و کردار و سەلیقەی نێوان نەوەی گەنج و گەورەتردا.

لە روانگەی (شتراوس و هاو)ەوە کەلێنی نەوەکان بریتیە لە ""جیاوازیی بەها و هەڵوێستی نێوان نەوەیەک و نەوەیەکی تر، بەتایبەتی نێوان نەوەی تازە و نەوەی کۆن. ئەم جیاوازییانە لە تێنەگەیشتنی کەسانی بەتەمەن و گەنجەوە سەرچاوە ئەگرن بە هۆی جیاوازیی ئەزموون و بۆچوون و خوو و رەفتارەکانیانەوە"". مێژوو هەمیشە تا رادەیەک جیاوازیی نەوەی بەخۆیەوە بینیوە. بۆ نموونە ژنان لە سالانی (١٩٢٠) دا بە لەبەرکردنی تەنوورەی کورت و قژی چەقۆکێشیی، گەورەکانیان سەرسام ئەکرد. بەڵام زاراوەی "کەلێنی نەوەکان" لە ماوەی شەستەکاندا لە ئەمریکا و ئەورووپادا بە شێوەیەکی بەرفراوان بەکارهات. جیاوازییە کلتوورییەکانی نێوان بە پێی توومەرەکان و دایک و باوکیان باس کرد. لەم سەردەمەدا جیاوازیی نێوان ئەو دوو نەوەیە بە بەراورد لەگەڵ سەردەمی پێشوو زیادەڕەویی تێدا کراوە (Strauss-Howe, ١٩٩١).

کاتێک باس لە کەلێنی نەوەکان ئەکرێت بێگومان (کارل مانهایم) یەکێکە لە کەسایەتیە سەرەکییەکان کە ناکرێ تێ بپەڕێنرێت. ئەو بەدواداچوونی بۆ چەمکی "هۆشیاری نەوەکان" و کاریگەریی رووداوە مێژووییەکان لەسەر گرووپە تەمەنییە جیاوازەکان کردووە. یەکێک لە بیرۆکە سەرەکییەکانی مانهایم سەبارەت بە کەلێنیی نەوەکان ئەوەیە کە گۆڕانکاریی کۆمەڵایەتیی و رووداوە مێژووییەکان ئەزموونی نەوەی جیاواز دروست ئەکەن، کە ئەتوانێت ببێت بە هۆی جیاوازیی لە بەها و باوەڕ و روانگە لە نێوان نەوەکاندا.

مانهایم ئاماژەی بەوە داوە کە "هەر نەوەیەک بە هۆی ئەو زەمینە مێژووییەوە لە قاڵب ئەدرێت کە تێیدا لەدایک ئەبن و ژیان ئەکەن، ئەمەش ئەبێت بە هۆی دروستبوونی "جیهانبینییەکی تایبەت بە نەوەکان"، لەگەڵ پەرەسەندنی کۆمەڵگادا، نەوەی تازە رووبەرووی واقیعی کۆمەڵایەتیی، سیاسیی و کلتووریی جیاواز ئەبنەوە لە چاو

نەوەکانی پێش خۆیان، ئەمەش ئەتوانێت کەلێنێک لە نێوانیاندا درووست بکات. ئەم بۆشاییە رەنگە لە ململانێ یان تێنەگەیشتن لە نێوان نەوە گەورەکان و گەنجەکاندا دەربکەوێت سەبارەت بە هەڵوێست و بەها و ڕەفتارەکان" (Mannheim, ١٩٥٢: ١٦٤-١٦٥).

مانهایم لەلایەک پێی وابوو کە ئەم هۆشیارییە نەوەییە رۆڵێکی بەرچاوی هەبووە لە داڕشتنی گۆڕانکاریی کۆمەڵایەتیی و دینامیکی کلتووریی. جەختی لە گرنگی تێگەیشتن لە جیاوازییە نەوەییەکان ئەکردەوە بۆ ئەوەی لە گۆڕانکاریی و ململانێ کۆمەڵایەتییەکان تێبگەین. بەڵام لە لایەکی تریشەوە هۆشداریشی داوە لە زۆر بە کەم سەیرکردنی ئەو داینامیکە نەوەییە و ئاماژەی بەوە داوە کە ئەزموون و دیدگای تاکەکەسیی لەناو هەر نەوەیەکدا ئەتوانێت زۆر جیاواز بێت. بە گشتیی، تێڕوانینەکانی مانهایم سەبارەت بە کەلێنی نەوەکان جەخت لەسەر یارییە ئاڵۆزەکانی نێوان چوارچێوەی مێژوویی، بەکۆمەڵایەتییبوون و گۆڕانی کلتووریی لە داڕشتنی ناسنامە و پەیوەندییەکانی نەوەکاندا ئەکەنەوە (Mannheim, ١٩٥٢: ١٩٠).

هەروەها هێربێرت مارکوزە، کە فەیلەسوف و کۆمەڵناسێکی ئەڵمانی-ئەمریکی بوو و سەر بە قوتابخانەی تیۆریی رەخنەیی فرانکفۆرت بوو، لە کارەکانیدا چەمکی کەلێنی نەوەکانی ووروژاندوە، بە تایبەتی لە بزووتنەوە دژە کلتوورییەکانی ساڵانی شەستەکاندا کاریگەرییەکی زۆری هەبووە و لەسەر تێگەیشتن لە گۆڕانکارییە کۆمەڵایەتیی و ململانێکان کە لەو ماوەیەدا روویانداوە.

مارکوزە لە چوارچێوەی بەرفراوانی تیۆریی رەخنەیی خۆیدا کەلێنی نەوەی شیکردۆتەوە، کە تیشکی خستۆسەر رەخنەی جددی هەبووە لە کۆمەڵگەی سەرمایەداریی و ئەو رێگایانەی کە هەژموون و چەوساندنەوە بەردەوام ئەکەن. ئەو ئەڵێ "کەلێنی نەوەکان تەنیا دەرئەنجامێکی سروشتی جیاوازیی تەمەن یان ئەزموون نییە، بەڵکو لەبری ئەوە بەرهەمی بارودۆخی کۆمەڵایەتیی و مێژوویی تایبەتە". لایەنێکی سەرەکیی شیکارییەکەی مارکوزە ئەو بیرۆکەیە بوو کە نەوەی کۆنتر کە زۆرجار وەک نوێنەرایەتی نۆرم و بەها دامەزراوەکان سەیر ئەکرێن، بەردەوامی بە سیستەمێکی کۆنترۆڵکردن و سەرکوتکردنی کۆمەڵایەتیی ئەدەن. لەم نێوەندەدا، نەوەی گەنج بە بیرۆکە و خواستە نوێیەکانی بۆ گۆڕانکاریی کۆمەڵایەتیی، نوێنەرایەتی کاردانەوەیەکیان ئەکرد بۆ رزگاربوون لەم پێکهاتە ستەمکارانە(Bonika & Lukes, ١٩٩٤: ٢٧).

مارکوزە پێیوابوو کە "کەلێنی نەوەکان ئەتوانێت ببێت بە هاندەرێک بۆ گۆڕانکاریی کۆمەڵایەتیی، چونکە گەنجان بەرەنگاری دۆخی ئێستایان ئەبوونەوە و خواستیان لەسەر شێوازێکی جێگرەوە بوو بۆ ژیان و ڕێکخستنی کۆمەڵگا. ئەو بزووتنەوە گەنجەکانی شەستەکانی سەدەی رابردوو، لەگەڵ داواکارییەکانیان بۆ مافە مەدەنییەکان، یەکسانیی جێندەریی و کۆتاییهێنان بە شەڕ، وەک نموونەی ئەم پۆتانسێلە بۆ گۆڕانکاریی ڕیشەیی ئەبینیی. بە گشتیی بۆچوونەکانی مارکوزە سەبارەت بە کەلێنی نەوەکان جەختی لەسەر رۆڵی بارودۆخی کۆمەڵایەتیی و داینامیکی دەسەڵات لە داڕشتنی ململانێی نێوان نەوەکاندا ئەکردەوە. ئەو، گرژیی نێوان نەوەکانی وەک ڕەنگدانەوەی خەباتی فراوانتر بۆ ڕزگاری و دادپەروەری کۆمەڵایەتیی لە کۆمەڵگا سەرمایەدارییەکاندا ئەبینیی (Kellner, ١٩٨٩: ٣٢).

٢.٢ سیاسەتی کۆمەڵایەتیی (Social Policy) :

لە زمانی عەرەبی لە رووی زاراوەییەوە، ووشەی سیاسەت لە ووشەی (ساس) هاتووە، واتە فەرمانڕەوایی کرد یان بەڕێوەی برد (الفقیە، ٢٠٠٩: ٧). پێناسەی کلاسیکیش بۆ سیاسەت ئەوەیە، سیاسەت بریتییە لە چالاکی سیاسیی، کەوا سەرچاوە دەگمەنەکان بە شێوەیەکی ناهاوسەنگ دابەشکراون بەسەر چەند حیزبێکی کێبرکێکاردا، ئەمەش لە رێی

دەسـتەڵاتێك، کـەوا ڕەوایـی بەکارهێنانـی هێـزی پـێ دراوە، یـان بـە هـۆی هەبوونـی هێـز توانیویەتـی شـەرعیەتی دەسـتەڵات دەسـتەبەر بـکات (Cerutti, ٢٠١٧: ٤).

(ئەرسـتۆ)ش لـەلای خۆیـەوە وا ئەڕوانێتـە سیاسـەت، کـە بەدواداگەڕانـی ژیانێکـی باشـترە بـۆ خەڵـك، یـان کۆمەڵگـەی لۆکاڵـی. بەهەمـان شـێوەی ئـەو، پێناسـەکانی سـەردەمی ئێسـتاش بـۆ ئـەوە دەچـن، کـە کایـەی سیاسـیی ئـەو چوارچێوەیـە لەخـۆ ئەگرێـت، کـەوا ململانـێ لەسـەر دەسـتەبەری سروشـتی ژیانێکـی باشـتر ئـەکات بـۆ بەرژەوەنـدی کۆمەڵگـە، کەچـی ڕەگـەزە سـەرەکییە شـیکارییەکانی سیاسـەتکردن بریتیـن لـە ململانـێ و هێـز، هـەر کردەیەکـی سیاسـییش لـە ڕوانگـەی هێـزەوە ئەنجـام ئەدرێـت. (غیـث، ١٩٧٩: ٣٣٥-٣٣٦) یـان سیاسـەت بریتییـە لـە یەکەیەکـی سیاسـیی وەك دەوڵـەت، ئـەم چەمکـە لـە بنچینـەدا یۆنانییـە، بـە مانـای (دەوڵـەت- شـار (City-State دێـت، کـەوا وشـەی ) دەوڵـەت- شـار) یەکەیەکـی سیاسـیی گرنـگ بـوو لـە سـەردەمی یۆنانـی کـۆن ( Lawson and Garrod, ٢٠٠٣: ٢٠٤) .

(جەیمـس ئەندێرسـۆن)یش پێناسـەی سیاسـەتی گشـتیی بـەو شـێوەیە کـردووە، کـە پرۆگرامێکی کاری پێشـنیازکراوە بـۆ تاکێك، گروپێـك یـان حکومەتێـك، لـە چوارچێـوەی ژینگەیەکـی دیاریکـراو، بـە مەبەسـتی ڕوونکردنـەوەی ئامانجێکـی دیاریکـراو، و تێپەڕاندنـی چەنـد ڕێگریـی و بەربەسـتێکی بەردەمیـان. (الخزرجـی و المشـهدانی،٢٠٠٤: ٨٧ (

بەگوێـرەی ئینسـایکلۆپێدیای (بریتانیـکا-Britannica) سیاسـەتی کۆمەڵایەتیـی بوارێکـی فرەلایـەن و ئاڵـۆزی سیاسـەتی گشـتییە کـە کۆمەڵێـک کـردار و سـتراتیژی و دەستپێشـخەریی حکومـی لەخۆئەگرێـت کـە ئامانجیان چارەسـەرکردنی ئاستەنگە کۆمەڵایەتییـەکان و بەرەوپێشـبردنی خۆشـگوزەرانی کۆمەڵایەتیـی و بەدەسـتهێنانی یەکسـانی و دادپـەروەری زیاتـرە لەنـاو کۆمەڵگەیەکـی دیاریکـراودا. نوێنەرایەتـی چوارچێوەیەکـی سـتراکتۆرکراو ئـەکات کـە لـە ڕێگەیـەوە حکومەتـەکان و لایەنـە پەیوەندیدارەکانـی تـر هـەوڵ ئـەدەن لایەنـە جیاوازەکانـی ژیانـی کۆمەڵایەتیـی لـە قاڵـب بـدەن و ڕێکبخـەن و کایگەرییـان لەسـەر درووسـت بکـەن، بـە ئامانجـی کۆتایـی باشـترکردنی کوالیتـی ژیـان و خۆشـگوزەرانی گشـتیی هاوڵاتیانیـان.

(کاتریـن ئیدیـن)، کۆمەڵناسـێکی دیـارە کـە بـە لێکۆڵینەوەکانـی لەسـەر سیاسـەتی خۆشـبژێوی و هـەژاری نـاسراوە، ئـەو سیاسـەتی کۆمەڵایەتیـی وەک میکانیزمێکـی چارەنووسـاز بـۆ چارەسـەرکردنی پێداویسـتییەکانی تـاک و خێزانـە پەراوێزخـراو و کـەم داهاتـەکان ئەناسرێـت. بـە گوتـەی ئیدیـن، ''سیاسـەتی کۆمەڵایەتیـی بریتیـە لـە کۆمەڵێـک بەرنامـە و دەسـتێوەردانی حکومـەت کـە بـۆ کەمکردنـەوەی هـەژاری و پێشخسـتنی خۆشـگوزەرانی کۆمەڵایەتیـی و دەسـتەبەرکردنی ئاسـتێکی بنەڕەتـی ژیـان بـۆ هەمـوو هاوڵاتیـان دارێـژراون'' (Edin & Lein, ١٩٩٨: ٥٤١ ).

هەروەهـا بـۆ ئیدیـن، سیاسـەتی کۆمەڵایەتیـی تەنیـا پێشکەشـکردنی پشـتیوانی مـاددی یـان هـاوکاری ئابووریـی نییـە؛ بەڵکـو پەیوەنـدی بـە داننـان بـە کەرامەتـی تاکەکانـەوە هەیـە و بریتیـە لـە بەهێزکردنیـان بـۆ بەدەسـتهێنانی ئاسایشـی ئابووریـی و یەکسـانی کۆمەڵایەتیـی. ئـەو داکۆکـی لـەو سیاسـەتانە ئـەکات کـە جووڵـەی ئابووریـی بەرەوپێـش ئەبـەن، هەروەهـا دەستراگەیشـتن بـە دەرفەتـی خوێنـدن و دامەزرانـدن، و تۆڕەکانـی پشـتیوانی کۆمەڵایەتیـی ئاسـان ئەکـەن.

لـە کاتێکـدا دۆرکهایـم تێڕوانینێکـی جیاوازتـری هەیـە و پێـی وایـە ''کـە سیاسـەتی کۆمەڵایەتیـی ئەبـێ بـە شـێوەیەک دابڕێژرێـت پەیوەندییەکانـی کۆمەڵـگا بەیەکـەوە ببەسـتنەوە و، بەشـێک بێـت لـە چارەسـەرکردنی ئـەو پرسـانەی کە هەڕەشـە لـە یەکگرتوویـی کۆمەڵایەتیـی ئەکـەن''. هەڵبـەت ئـەم سیاسـەتانەش بریتیـن لـە سیاسـەتەکانی پەیوەسـت بـە پـەروەردە، چاودێریـی تەندرووسـتیی، خۆشـبژێویی و ڕێگرییکـردن لـە تـاوان، کـە هەموویـان ئامانجیـان پەروەرئەکردنـی هەسـتکردن بـە سـەربەخۆیی و ئامانجـی هاوبەشـە لەنـاو کۆمەڵـگادا (Hanifah & Lukman, ٢٠٢٢: ٨).

بـەڵام ماکـس ڤێبـەر، سیاسـەتی کۆمەڵایەتیـی وەک ئامرازێـک سـەیر ئـەکات کـە کۆمەڵـگاکان لـە ڕێگەیـەوە پەیوەنـدی و

نایەكسانییە كۆمەڵایەتیی ڕێک ئەخەن و بەڕێوە ئەبەن. ڤێبەر جەختی لە ڕۆڵی دەوڵەت كردۆتەوە لە داڕشتن و جێبەجێكردنی سیاسەتە كۆمەڵایەتییەكان بۆ چارەسەركردنی كێشە جۆراوجۆرە كۆمەڵایەتییەكان و پاراستنی نەزمی كۆمەڵایەتیی. ڤێبەر پێی وابوو كە ''سیاسەتی كۆمەڵایەتیی لە ژێر كایگەریی تێكەڵەیەک لە دەسەڵاتی عەقڵانی-یاسایی، هەروەها دەسەڵاتی نەریتیی و دەسەڵاتی كاریزمایی دایە'' (Room, ٢٠٢٠: ٧-١٢). لەم لاوە كارڵ ماركس پێی وایە سیاسەتی كۆمەڵایەتیی بە قووڵیی لەناو سیستەمی سەرمایەدارییدا چەسپاوە و خزمەت بە بەرژەوەندییەكانی بۆرژوازی، یان چینی دەسەڵاتدار ئەكات. وای ئەبینێت ئەم سیاسەتانە بۆ پاراستنی نەزمی كۆمەڵایەتیی و بەردەوامكردنی پێشێلی مافەكانی چینی كرێكار دارێژراون. (Kilminster, ٢٠١٩: ٢٣١-٢٣٥).

بەپێی ئەم بۆچوونانەی سەرەوە دەتوانین بلێین سیاسەتی كۆمەڵایەتیی پەیوەندیی بە تەرخانكردن و دابەشكردنی سەرچاوە و خزمەتگوزاری و دەرفەتەكانی ناو كۆمەڵگاوە هەیە، بۆ دڵنیابوون لەوەی كە تاک و كۆمەڵگا دەستیان بە كاڵا و خزمەتگوزارییە سەرەكییەكان بگات كە پێویستن بۆ ژیانێكی شایستە و شكۆمەندانە. ئەم كاڵا و خزمەتگوزارییانە بریتین لە چاودێریی تەندروستیی، پەروەردە، نیشتەجێبوون، پشتگیریی داهات، هەلی كار، و خزمەتگوزارییە كۆمەڵایەتییەكانی وەک چاودێریی منداڵان و بەساڵاچووان لەخۆ بگرن بەڵام سنووردار نەبن.

## چوارچێوەی تیۆریی و پێداچوونەوەی ئەدەبیات:

ئەم بەشە تایبەتە بەو تیۆرییانەی كە پەیوەندیان بە بابەتی تێوێژینەوەكەوە هەیە. ئەمەش وەک چوارچێوەیەک بۆ داڕشتنی پرسیارەكان، شرۆڤەكردنی داتاكان و لێكدانەوەی دەرەنجامەكان. لە تەوەرەیەكی تری توێژینەوەدا، پێداچوونەوەیەک بەو نووسین و توژینەوەدا كراوە كە پێشتر باسیان لەو بوارەدا كردووە، بۆ ئەمەش بەپێی توانا هەموو ئەو توێژینەوانە خراونەتەڕوو كە توێژەر دەستی پێیان گەیشتووە.

١.٣ تیۆریی بەكۆمەڵایەتیبوون (Socialization Theory) :

بە شێوەیەكی گشتیی تیۆریی بەكۆمەڵایەتیبوون چوارچێوەیەكی گشتگیر پێشكەش ئەكات بۆ تێگەیشتن لە پێكهاتنی جیاوازییەكانی نێوان نەوەكان بە نیشاندانی ئەو پرۆسەی ئاڵۆزەی كە تاكەكان لە ڕێگەیەوە نۆرم و بەها و بیروباوەڕ و ڕەفتارە كۆمەڵایەتیی و كلتوورییەكان وەرئەگرن.لە ڕوانگەی ئەم تیۆرییەوە ئەم پرۆسانە بە پلەی یەكەم لە سەردەمی منداڵیدا ڕوو‌ئەدەن بەڵام بە درێژایی ژیان بەردەوامن و بیروباوەڕ و ڕەفتاری تاكەكان لە قاڵب ئەدەن (Shaykhutdinov, ٢٠١٩).

ئەم تیۆرییە گریمانەی ئەوە ئەكات كە هەر نەوەیەک لە چوارچێوەیەكی مێژوویی و كلتووریی تایبەتدا بە پرۆسەی بەكۆمەڵایەتیبووندا تێدەپەڕێت، كە تێڕوانین و هەڵوسوكەوت و ڕەفتارەكانیان لە قاڵب ئەدرێت. ئەم پرۆسەیە لە تەمەنی منداڵییەوە دەست پێئەكات و بە درێژایی ژیان بەردەوام ئەبێت، تاكەكان لە ژێر كایگەریی خێزان و هاوتەمەن و قوتابخانە و میدیا و دامەزراوە كۆمەڵایەتییەكانی تردا ئەبن. بۆ نموونە، ڕەنگە نەوە كۆنەكان لە كاتی ڕووداوە مێژووییە بەرچاوەكاندا، وەک شەڕەكان یان قەیرانە ئابوورییەكان، كە بەهاكانی قوربانیدان و خۆڕاگریی و نەریتگەراییان چاندبێت، كۆمەڵایەتیی بوون. لە بەرامبەردا، نەوە گەنجەكان، كە لە سەردەمێكدا گەورە ئەبن كە بە پێشكەوتنی خێرای تەكنەلۆژیا و جیهانگیریی و گۆڕانكاریی كۆمەڵایەتیی تایبەتمەندە، ڕەنگە بەهاگەلێک پەرە پێ بدەن كە جەخت لەسەر گونجاندن و تاكایەتیی و دادپەروەریی كۆمەڵایەتیی ئەكەنەوە (سەرچاوەی پێشوو).

تیۆریی بەكۆمەڵایەتیبوون جەخت لەسەر سرووشتی داینامیكیی پرۆسەی بەكۆمەڵایەتیبوون ئەكاتەوە، تیشک ئەخاتە

سەر چۆنیەتی لە قاڵبدانی تاکەکان لەلایەن ژینگە کۆمەڵایەتییەکیانەوە. جگە لەوەش، جەخت لەسەر رۆڵی ئەو خەسڵەتە کۆمەڵایەتییە جیاوازانە ئەکاتەوە کە نەوەکان هەڵیان گرتووە، چونکە کایگەریی هەیە لەسەر بیروباوەڕ و رەفتارەکانیان، هەروەها رۆڵی دامەزراوە کۆمەڵایەتییەکان لە گواستنەوەی بەها کلتوورییەکان. تیۆریی بەکۆمەڵایەتیبوون بەوە ئەناسرێت کە یارییە ئاڵۆزەکانی نێوان ئەزموونە تاکەکەسییەکان و کاریگەرییە کۆمەڵایەتییەکان، تێڕوانینێک بۆ درووستبوونی ناسنامەی نەوەکان و سەرهەڵدانی کەلێنی نەوەکان ئەڕەخسێنێت.

٢.٣ تیۆریی پەرەسەندنی کلتووریی (Cultural Evolution Theory):

تیۆریی پەرەسەندنی کلتووریی چوارچێوەیەکی تیۆریی فراوان پێشکەش ئەکات بۆ تێگەیشتن لە چۆنیەتی پەرەسەندنی نۆرم و بەها و پراکتیکە کلتوورییەکان بە تێپەڕبوونی کات، کە بەشدارە لە جیاوازییەکانی نەوەکان. پێشنیاری ئەوە ئەکات کە کۆمەڵگاکان گۆڕانی کلتووریی بەردەوامیان بەسەردا دێت لە بەرامبەر هۆکارە جۆراوجۆرە ناوخۆیی و دەرەکییەکاندا، وەک داهێنانە تەکنەلۆژییەکان، گۆڕانکارییە ئابوورییەکان، گۆڕانکارییە دیمۆگرافییەکان و فشارە ژینگەییەکان. ئەم گۆڕانکارییە کلتوورییانە لە رێگەی پرۆسەکانی گواستنەوەی کلتووریی و گونجاندن و داهێنانەوە رووئەدەن و بەها و بیروباوەڕ و رەفتارەکانی هەر نەوەیەک لە قاڵب ئەدەن. بۆ نموونە، گۆڕانکاریی لە هەڵوێستی کۆمەڵگا بەرامبەر بە رۆڵی جێندەریی، هاوسەرگیریی، پێکهاتەی خێزان و بەرێوەبردنی ژینگەیی رەنگدانەوەی پەرەسەندنی کلتووریی بەردەوامە کە لە ژێر کایگەریی گۆڕانی بارودۆخی کۆمەڵایەتیی، ئابووریی و ژینگەییدایە (ئیحسان محەممەد حەسەن، ٢٠١٢).

تیۆریی پەرەسەندنی کلتووریی جەخت لەسەر گرنگیی کۆنتێکستی مێژوویی ئەکاتەوە لە دارشتنی ناسنامە و رەفتاری نەوەکاندا، دان بەوەدا ئەنێت کە نۆرم و بەها کلتوورییەکان ئیستاتیک نین بەڵکو دینامیکین و بە تێپەڕبوونی کات ئەگۆڕێن. جگە لەوەش، تیۆرییەکە دان بە رۆڵی هەمەجۆریی کلتووریی و ئاڵوگۆڕی کلتوورییدا ئەنێت لە بزوێنەری پەرەسەندنی کلتوورییدا، بەو پێیەی کۆمەڵگاکان کارلێک ئەکەن و بیرۆکە لەگەڵ یەکتردا ئەگۆڕنەوە. بە دابینکردنی چوارچێوەیەکی گشتگیر بۆ تێگەیشتن لە میکانیزمەکانی بزوێنەری گۆڕانکاریی کلتووریی، تیۆریی پەرەسەندنی کلتووریی تێڕوانینێک پێشکەش ئەکات بۆ یارییە ئاڵۆزەکانی نێوان نەریت و داهێنان، بەردەوامیی و گۆڕانکاریی لە دارشتنی داینامیکی نەوەکان و کەلێنی نەوەکان (سەرچاوەی پێشوو).

٣.٣ تیۆریی ململانێ (Conflict Theory):

تیۆریی ململانێ دیدێکی رەخنەگرانە لەبارەی کەلێنی نەوەکانەوە پێشکەش ئەکات، وەک رەنگدانەوەی ململانێ بنەڕەتییەکان و داینامیکی دەسەڵات لەناو کۆمەڵگادا چوارچێوەی بۆ دائەنێت. بە پێی ئەم تیۆرە، جیاوازیی نەوەکان لە بەرژەوەندی و بەها و ئایدۆلۆژیای کێبرکێی نێوان گرووپە تەمەنییە جیاوازەکانەوە سەرهەڵئەدات، کە زۆرجار رەگیان لە پێکهاتە کۆمەڵایەتیی و ئابووریی و سیاسییە بەرفراوانەکاندا داکوتاوە. نەوە بەتەمەنەکان کە بە شێوەیەکی ئاسایی پۆستی دەسەڵات و ئیمتیازیان لەناو کۆمەڵگادا هەیە، رەنگە هەوڵی پاراستنی پلەبەندی کۆمەڵایەتیی و نەریت و ئەو دامەزراوانەی کە سوودیان لێ ئەبینن ئەدەن، لە کاتێکدا نەوە گەنجەکان کە رووبەرووی ئاڵەنگاریی کۆمەڵایەتیی-ئابووریی و نایەکسانی سیستماتیکی ئەبنەوە، بەدڵنیایەوە بانگەشە بۆ گۆڕانکاریی و دادپەروەریی کۆمەڵایەتیی ئەکەن (Ali & Faruqui, ٢٠٢٢).

ئـەم ململانێیـەی لـە نێـوان نەوەکانـدا هەیـە ئەتوانرێـت لـە بـوارە جیاوازەکانـدا ببینرێـت، لەوانـە سیاسـەت، ئابووریـی، پـەروەردە و بابەتـە کلتوورییـەکان، کـە ڕەنگدانـەوەی ململانێکانـن لەسـەر سـەرچاوەکان، دەرفەتـەکان و نوێنەرایەتیکردن. بۆ نموونـە، مشـتومڕەکان لەسـەر پرسـەکانی وەک ژینگـە، چاودێریـی تەندرووسـتیی، پـەروەردە و خۆشـگوزەرانیی کۆمەڵایەتیـی زۆرجـار جیاوازییەکـی تونـد لـە گرینگیـدان بـە بەهاکانـی نێـوان نـەوە بەتەمـەن و گەنجەکانـدا ئاشـکرا ئەکـەن (سـەرچاوەی پێشـوو).

تیۆریـی ململانـێ تیشـک ئەخاتـە سـەر ئـەوەی کـە چـۆن نایەکسـانی لـە دەسـەڵات، سـەرچاوە و دەستڕاگەیشـتن بـە دەرفەتەکانـدا بەشـدارن لـە گرژییەکانـی نێـوان نـەوەکان، ئەمـەش جەخـت لەسـەر گرنگـی چارەسـەرکردنی نایەکسـانی پێکهاتەیـی ئەکاتـەوە بـۆ پەروەردەکردنێکـی درووسـت، لێکتێگەیشـتن و هـاوکاری نێـوان نـەوەکان. جگـە لـەوەش تیۆرییەکـە جەخـت لەسـەر ڕۆڵـی کـردەی بەکۆمـەڵ و بزووتنـەوە کۆمەڵایەتییـەکان ئەکاتـەوە لـە بەرهەڵسـتی کردنـی پێکهاتـە چەسـپاوەکانی دەسـەڵات و داکۆکیکـردن لـە گۆڕانکاریـی کۆمەڵایەتیـی.

٤.٣ تیۆریی نەوەکان (Theory of Generations):

زۆربـەی جـار تیۆریـی (نـەوە) بـە تیۆرییەکـی مشـتومڕاوی و نـاڕوون دائەنرێـت، ئەمـەش لەبـەر ئەوەیـە کـە کۆمەڵناسـەکان کەمـتر بایەخیـان بـەم تیۆرییـە داوە و وەکـو پێویسـت کاری زانسـتیان لەسـەر نەکـردووە، بۆیـە نەتوانـراوە پێناسـەیەکی گشـتگیر کـە زۆربـەی زانایـان لەسـەری کۆکـبن بەردەسـت بخـەن، بـەڵام سـەرەڕای ئەمـەش هێشـتا وەکـو بناغەیەکـی زانسـتی بەهێـز دائەنرێـت بـۆ ئـەم بـوارە. بەشـێکی توێـژەران و زانایـان توانیوویانـە ئـەوە نیشـان بـدەن کـە ڕێبـاز و تیۆرییێکـی نایابـە بـۆ تێگەیشـتن لـە کۆمەڵـگا و ڕەفتـاری تاکەکانـی کۆمەڵـە جیاوازەکانـی تەمـەن.

تیۆریـی نـەوەکان کـە زۆرجـار بـە (تیۆریـی نەوەیـی Generational Theory) ناوئەبرێـت، چەمکێکـی کۆمەڵناسـییە کـە پێشـنیاری ئـەوە ئـەکات ئـەو تاکانـەی کۆمەڵـگا کـە هەڵگـری هەمـان خەسـڵەتی دیاریکـراون و لـە چوارچێوەیەکـی کاتیـی دیاریکـراودا لەدایـک بـوون، بـە هـۆی ئەزموونکردنـی ڕووداوە مێژوویـی و کۆمەڵایەتییـە هاوبەشـەکان، تایبەتمەنـدی و بەهـا و بیروبـاوەڕ و ڕەفتـاری هاوشـێوەیان هەیـە لەبـەر ئـەوەی هەمـان مـەودای ساڵانی لـە دایکبوونیـان هەیـە. تیۆریـی نـەوەکان جەخـت لـەوە ئەکاتـەوە هـەر نەوەیـەک خاوەنـی کۆمەڵـە تایبەتمەندییەکـی تایبەتـی خۆیەتـی، کە لە ژێـر کاریگەریی ڕووداوە کۆمەڵایەتییەکانـی وەک شـەڕ و قەیرانـی ئابووریـی و پێشـکەوتنی تەکنەلـۆژی و گۆڕانکارییـە کولتوورییەکاندایـە. ئـەم ئەزموونانـە بەهـا و بیروبـاوەڕ و ڕەفتـاری تاکەکانـی ئـەو نەوەیـە لـە قاڵـب ئـەدەن و جیایـان ئەکەنـەوە لـە نەوەکانـی تـر(Smith, ٢٠١٠). زۆرجـار تیۆریـی نـەوەکان بـۆ شـیکردنەوەی ڕەوتـە کۆمەڵایەتیـی و کولتوورییـەکان و تێگەیشـتن لـە ڕەفتـاری بەکاربـەر و ئـاگادار بـوون لـە سـتراتیژییەکانی بازاڕکـردن بەکارئەهێنرێـت. هەروەهـا ڕۆڵـی هەیـە لـە داڕشـتنی سیاسـەتی گشـتیی و سـتراتیژییەکانی بەڕێوەبردنـی ڕێکخراوەیـی، بەتایبەتیـی لـە بوارەکانـی وەک داینامیکـی هێـزی کار و پەیوەندییەکانـی نێـوان نـەوەکان.

یەکەمیـن زانـای مۆدێـرن و جـدی کـە بەدواداچوونـی بـۆ ئـەم دیاردەیـە کردبـێ و هەوڵـی ڕوونکردنـەوە بەهـای تیـۆری نەوەکانـی دابـێ و ڕێبەرێتـی ئـەم تیۆرییـەی کردبـێ، زانـای بەناوبانگـی ئەڵمانـی کارڵ مانهایـم بـووە.

مانهایـم لـە زنجیـرە وتارێکـدا لەژێـر ناونیشـانی (کێشـەی نـەوەکان The problem of Generation) کـە بەشـێوەیەکی فـراوان مشـتوومڕی لـە بـارەوە کـراوە لـە سـاڵانی ١٩٢٠ و ١٩٣٠ دا، ئـەو بیرۆکەیـەی خسـتەڕوو کـە نـەوە گەنجـەکان بەشـێوەیەکی ناتـەواو کۆمەڵایەتیین، بـە هـۆی ئـەو دابڕانـەی لـە نێـوان ئـەو بەهایانـەی لـە نـەوە کۆنەکانـەوە فێـری بـوون

لەگـەڵ ئـەو واقیعانـەی کـە خۆیـان ئەزموونـی ئەکـەن (Woodman and Wayne, ٢٠١٥: ١٢).
مانهایـم پێـی وایـە "تاکەکانـی کۆمەڵـگا لـە تەمەنـی منالّیـدا بەهـاکان لـە خێزانـەکان و کۆمەڵگاکانیانـەوە فێـر ئەبـن، و زۆرجاریـش نموونـەی بـاڵای سـەرەکیی کـە و هاوشـێوەیان هەیـە، کـە زۆر جـار ئـەم نموونـە باڵایـە بریتیـە لـە کەسـایەتییەکی کاریزما. بـەڵام لەگـەڵ گەورەبوونی تەمـەن، ئاگامەندیـان بـۆ جیهانـی دەوروبەریـان بـەرەو هەڵکشـان ئەچێـت گۆڕانکاریـی بەسـەردا دێـت و پـەرە ئەسـەنێت، ئەندامانـی نـەوە گەنجەکـە شـێوازی ئەزمـوون کردنیـان بـۆ ژیـان و کۆمەڵگاکانیـان جیـاواز ئەبێـت لەگـەڵ نـەوە پێـش خۆیـان، ئەمـەش ئەبێـت بـە هـۆی ئـەوەی کـە مانهایـم بـە " گۆڕانکارییەکـی دیـار و سەرنجڕاکێشـی هۆشـیاری تـاک نـاوزەدی بـکات. گۆڕانکارییـەک نـەک تەنهـا لـە رووکەشـدا، بەڵکـو لـە خۆگونجاندنـە دەروونـی و ڕۆحییەکانـی تاکـی نـەوە گەنجەکـە بـۆ ژیـان" وەسـفی ئـەکات (Mannheim, ٢٠٠٩).
مانهایـم ئامـاژەی بـە "بەرکەوتنـی تـازە" کـردووە، ڕوونـی ئەکاتـەوە کـە گەنجـان لەگـەڵ گەورەبـوون و ئەزموونکـردن و تێگەیشـتن لـە ژینگـەی دەوروبەریـان، نـەک تەنهـا لـە چوارچێـوەی خێزانەکانیانـەوە، بەڵکـو لـە چوارچێـوەی ئـەو سیسـتەمە بەهایانـەی وەریانگرتـووە لەگـەڵ ئـەو واقیعانـەی کـە ئەزموونـی ئەکـەن هەوڵـی خـۆ گونجانـدن ئـەدەن. وە ئامـاژەی بەوەش داوە کـە مـرۆڤ چـۆن پـەرە بـە دروسـتکردنی مانـا ئـەدات بـۆ شـتەکانی دەوروبـەری لەسـەر بنەمـای ئەزموونـە کەسـییەکان لـە چوارچێوەیەکـی کۆمەڵایەتییـدا، "بـە پێویسـتی ئەزانێـت لـە نەوەیەکـەوە بـۆ نەوەیەکـی تـر جیـاواز بێـت (سـەرچاوەی پێشـوو).
جگەلەمـەش مانهایـم چەمکـی نـەوەی بەکارهێنـاوە بـۆ دیاریکردنـی شـوێنی تاکـەکان لـە خاڵێکـی دیاریکـراودا کـە بـە شـوێنگەی کۆمەڵایەتیـی(Social Location) نـاوی ئەبـات، ڕوونیکردۆتـەوە کـە ئـەو شـوێنگە کۆمەڵایەتییـە توانـای کایگەریی دانانـی لەسـەر هۆشـیاری تـاک بـە هەمـان ئەنـدازەی چینـی کۆمەڵایەتیـی یـان کولتـوورە. بـە هـۆی ئیمتیازاتـی بایۆلـۆژی و ژینگـەی کۆمەڵایەتییـەوە، "ئـەو تاکانـەی کـە سـەر بـە هەمـان نـەوەن، و هەمـان سـاڵی لەدایکبوونیـان هەیـە، بـە ڕادەیەکـی زۆر شـوێنێکی هاوبەشـیان پێدەبەخشرێـت لـە ڕەهەنـدی مێژوویـی پرۆسـەی بەکۆمەڵایەتیـی بوونـدا بـە شـێوەیەک کـە هۆشـیاری نـەوەکان لـەو خاڵـەوە دەسـت بـە دروسـتبوون ئـەکات. ئەمـەش بریتییـە لـە پەرەسـەندنی ئەقڵیەتـی بەکۆمـەڵ کـە ئاوێنـەی ڕوانگەیەکـی باڵادەسـتە بـۆ جیهـان وا ئـەکات کـە ڕەنگدانـەوەی هەڵوێسـت و بەهـاکان هاوشـێوە بـن و ببنـە هـۆی دابینکردنـی بنەمایـەک بـۆ کـردەوەی هاوبـەش. ئـەم عەقڵیەتانـە هۆکارێکـن بـۆ "بەردەوامـی پراکتیـک"، واتـە ئـەو بەهـا پێناسـەکەرانەی کـە بەکۆمـەڵ لەلایـەن گروپێکـی نەوەییـەوە پێکهێـنراون، بـەردەوام ئەبـن لـە کایگەریـی دانـان لەسـەر هەڵسـوکەوتی تاکـەکان بـە درێژایـی ژیانیـان (Mannheim, ٢٠٠٩: ١٦٤-١٦٧).

٣.٤ پێداچوونەوە بە ئەدەبیاتی پێشوو:

هەندێک لە توێژینەوە جیهانییەکان بایەخیان بەم بابەتە داوە. لەوانە:
توێژینـەوەی یەکـەم: لـەم بابەتـەدا وودمـان لـە زاراوەی نـەوەکان لـە کۆمەڵناسـی گەنجانـدا دەکۆڵێتـەوە و تێگەیشـتنێکی زانسـتیانە لەسـەر چۆنیەتـی کارکردنـی ئـەم تیۆرییـە لـە ژیانـی گەنجانـدا پێشـکەش ئـەکات. ئـەو ئەڵـێ ڕێبـازە نەریتییـەکان بـۆ لێکۆڵینـەوە لـە نـەوەکان، سـەرنجیان لەسـەر گواسـتنەوە و گۆڕانـی کولتووریـی بـووە، بـەڵام ئەمانـە چاوپۆشـی لـە ئاڵـۆزی ئەزموونەکانـی نـەوەکان ئەکـەن. بەڵکـو وودمـان پێشـنیاری ئـەوە ئـەکات کـە توێـژەران پێویسـتە ئـەو هـۆکارە پێکهاتەیـی و دامەزراوەییانـەی کـە ژیانـی گەنجـان لـە قاڵـب ئـەدەن و بەشـداری بکـەن لـە دروسـتبوونی ناسـنامەی نەوەکانـدا.
هەروەهـا دەڵـێ، پێویسـتە لـە گرنگیدانێکـی تەسـک بـە پراکتیکـە کولتوورییـەکان تێپەڕیـن و بەدواداچـوون بـۆ ئـەو زەمینـە

كۆمەڵایەتیی و ئابووریی و سیاسییە فراوانترانە بكەین كە ژیانی گەنجان لە قاڵب ئەدەن. بابەتەكە جەخت لەسەر پێویستی ڕێبازی نێوان زانستەكان ئەكاتەوە بۆ لێكۆڵینەوە لە نەوەكان، بە سوودوەرگرتن لە كۆمەڵناسی، ئەنترۆپۆلۆژی، مێژوو و بوارەكانی تر. ڕێبازی وودمان چوارچێوەیەكی بەنرخ پێشكەش ئەكات بۆ تێگەیشتن لە ئاڵۆزییەكانی ئەزموون و ناسنامەی گەنجان لە كۆمەڵگا هاوچەرخەكاندا.

توێژینەوەی دووەم: لەم توێژینەوەیدا ماریۆ ئای ئەگویلار لە دەستووری سۆماڵ و ئاستەنگەكانی نەوە دەستوورییەكان و هەڵوەشاندنەوەی خێڵەكان دەكۆڵێتەوە. ئەو ئەڵێ دەستوور كە لەسەر بنەمای مۆدێلی ڕۆژئاوایی دامەزراوە، نەیتوانیوە سیستەمی خێڵی نەریتی سۆماڵی و ڕۆڵی گەورەكان لە بڕیاردان لەبەرچاو بگرێت. ئەگویلار تیشك ئەخاتە سەر گرنگی تێگەیشتن لە سیستەمی خێڵ و ئەو ڕێگایانەی كە ناسنامەی سیاسیی و بەشداریكردن لە سۆماڵدا لە قاڵب ئەدات. هەروەها جەخت لەسەر پێویستی پرۆسەیەكی دەستوری گشتگیرتر و بەشدارتر ئەكاتەوە كە دان بە فرەچەشنی كۆمەڵگەی سۆماڵدا بنێت.

ئەگویلار بەدواداچوون بۆ گرژیی نێوان سیستەمی خێڵی نەریتی و دەوڵەتی مۆدێرن ئەكات، و چۆن ئەم گرژییە بەشداری كردووە لە ناسەقامگیری سیاسیی و ململانێ لە سۆماڵ. ئەو ئەڵێ پێویستە پێداچوونەوە بە دەستووردا بكرێت بۆ ئەوەی باشتر ڕەنگدانەوەی بەها و نەریتەكانی كۆمەڵگەی سۆماڵ بێت، هەروەها دڵنیابێت لەوەی دەنگی هەموو هاوڵاتیان بە گەنجان و ژنان و گرووپە پەراوێزخراوەكانەوە لە پرۆسەی بڕیاردان ببیسترێت. بابەتەكە تیشك ئەخاتە سەر گرنگی جیاوازیی نەوەكان و پێویستی گفتوگۆ و هاوكاری نێوان نەوەكان لە داڕشتنی داهاتووی سۆماڵدا. بە گشتیی وتارەكەی ئەگویلار تێڕوانینێكی گرنگ ئەخاتە ڕوو سەبارەت بە ئاستەنگەكانی چاكسازی دەستوری لە سۆماڵ و گرنگی دانپێدانان و ڕێزگرتن لە سیستەمی حوكمڕانی نەریتی.

توێژینەوەی سێیەم: توێژینەوەی "كەلێنی نەوەكان- پرس و ئاستەنگەكان" تیشك ئەخاتە سەر جیاوازیی نێوان نەوە جۆراوجۆرەكان لە شوێنی كار و كۆمەڵگادا. كایگەریی ئەم كەلێنە نەوەییە لەسەر بەرهەمهێنانی ڕێكخراوەیی و ڕازیبوونی كارمەندەكان دەكۆڵێتەوە. نووسەران دەڵێن كە ئەم كەلێنانە دەتوانن ببنە هۆی تێنەگەیشتن و تێكچوونی پەیوەندییەكان و نەبوونی یەكگرتوویی لە نێوان كارمەندەكاندا.

توێژینەوەكە پێشنیاری ئەوە ئەكات كە تێگەیشتن لەو هۆكارانەی كە بەشدارن لە كەلێنی نەوەكاندا زۆر گرنگە بۆ ئەوەی ڕێكخراوەكان بتوانن ژینگەیەكی كاری هاوسەنگ لە شوێنی كار دروست بكەن. نووسەران ستراتیژی جۆراوجۆر پێشنیار ئەكەن بۆ پڕكردنەوەی بۆشاییەكان، وەك بەرنامەكانی ڕاهێنان، ڕاهێنەرایەتی و سەركردایەتی گشتگیر.

هەروەها بابەتەكە باس لەو تەحەددیایانە ئەكات كە ڕێكخراوەكان ڕووبەرووی ئەبنەوە لە بەڕێوەبردنی جیاوازییەكانی نەوەكاندا، لەوانە هاوسەنگكردنی پێداویستییەكانی گرووپە تەمەنییە جیاوازەكان و زاڵبوون بەسەر چەشنە كۆنەپەرستان و لایەنگرییەكاندا. جەخت لەسەر پێویستی ڕێبازێكی هاوبەش ئەكاتەوە كە هەموو نەوەكان لە پرۆسەی بڕیاردان بەشدار بكات.

بە گشتیی وتارەكە تێڕوانینێكی گشتگیر لەبارەی ئەو پرس و تەحەددیایانە ئەخاتە ڕوو كە پەیوەندییان بە كەلێنی نەوەكانەوە هەیە لە شوێنی كار و كۆمەڵگادا. گرنگی چارەسەركردنی ئەم بۆشاییانە ئەخاتە ڕوو و چارەسەری پراكتیكی پێشكەش بە ڕێكخراوەكان ئەكات بۆ پەروەرئەكردنی ژینگەیەكی كاركردنی گشتگیرتر و بەرهەمدارتر.

میتۆدۆلۆژیای توێژینەوەکە:

میتۆدی بەکارهاتوو لەم توێژینەوەیەدا، بریتیە لە میتۆدی چۆنایەتی. توێژەر لە ڕێگای ئەم میتۆدەوە، توانیویەتی بگات بە دەرەنجامی کۆتایی.

لەم توێژینەوەیەی بەردەست، کۆمەڵگەی توێژینەوەکە بریتییە لە هەموو ئەو کاراکتەر و کەسایەتییە سیاسیی، ئەکادیمیی و ڕۆشنبیرانەی دەستەبژێرن و دەوڵەمەندن بە زانیاریی سەبارەت بە بابەتەکانی تایبەت و پەیوەست بە بابەتی تویژینەوەکە، هەروەها نەك هەر شارەزاییان هەیە، تەنانەت بە شێوەیەکی زانستی و ئەکادیمیی گرنگییان بە بواری توژێنەوەکە داوە. چونکە بابەتی توێژینەوەکە پێویستی بەوەیە، کەسانێك بدوێنرێن، کە توانایان هەم لە رووی زانستی و هەمیش لە رووی شارەزایی زۆر بێت، تا بتوانرێت وەڵامەکانیان بە شێوەیەکی تێر و تەسەل و گونجاو خزمەت بە توێژینەوەی بەردەست بکات.

هەرچی سەبارەت بە نموونەی توێژینەوەکەیە، بەو پێیەی توێژینەوە چۆنایەتییەکان توێژینەوەی نائەگەرین، بۆیە توێژەر نموونەی مەبەستدار (Purposive Sampling) کە تیایدا بەمەبەست ئەم کاراکتەرانە هەڵبژێردراون، چونکە نموونەی دەوڵەمەندن بە زانیاری لە بواری توێژینەوەکە، بۆیە هەوڵ دراوە کۆمەڵێك خەڵك بدوێندرێت، کە دەوڵەمەندن بە زانیاریی دەربارەی بابەتی توێژینەوەکە و چەند کەسایەتیەکی دیار و شارەزا سەبارەت بە بوارەکانی پەیوەست بە توێژینەوەکە.

سەبارەت بە قەبارەی نموونەکەش، (١٠) نموونەی وەرگیراون، چاوپێکەوتنەکانیش بە شێوەی تاکیی و ڕووبەڕوو ئەنجام دراون، هەندێکیش لە چاوپێکەوتنەکان لە ڕێی و بەرنامەی (Zoom) ئەنجام دران، ئەمەش لەبەر ئاستەنگی هاتووچۆ و کەمی کات، و هەندێك جاریش نموونە وەرگیراوەکان لە شارەکانی تر بوون. هەموو چاوپێکەوتنەکان بە نزیکەیی (٢-٣) کاتژمێری خایاندووە، لە کاتی چاوپێکەوتنەکان پرسیاری ووردتر لای توێژەر گەڵاڵە بوون، بەو پێیەی هەمان ئەو پرسیارانە بە تەواوی لە هەموو لێتوێژراوان نەکراون.

هەروەها بۆ کۆکردنەوەی زانیارییەکان ئامرازی چاوپێکەوتنی نیمچەکراوە بەکار هێنراوە، چونکە پارادایمی شیکاریی جەخت لەسەر چاوپێکەوتنی نیمچەکراوە ئەکاتەوە، تا بتوانرێت بە شێوەیەکی ورد و پلان بۆ داڕێژراو لێتوێژراوان ئاڕاستە بکرێن.

## بەشی کرداریی:

لە خوارەوە هەوڵدراوە بەشێک لەو بابەتە بنەڕەتیانەی کە تەوەری سەرەکیی ئەو توێژینەوەیەن بخرێنەڕوو. لە کۆی توێژینەوەکەدا، هەموو زانیارییەکانی تایبەت بە لێتوێژراوان و تەوەرەکان بەردەستە، بەڵام بۆ دوورکەوتنەوە لە درێژداڕی، بەباش زانرا تەنها جەخت لەسەر بابەتە بنەڕەتیەکان بکریتەوە.

١/ کایگەریی کەلێنی نەوەکان لەسەر سیاسەتی کۆمەڵایەتیی حوکومەتی هەرێم.

لەم تەوەرەدا، دەمانەوێت پەیوەندی و کایگەریی کەلێنی نەوەکان لەسەر سیاسەتی کۆمەڵاتی حوکومەتی هەرێم بدۆزینەوە.

دوای ئەوەی لێتوێژراوان بۆچوونەکانیان خستەڕوو، دەرکەوت لە هەرێمی کوردستان کەلێنی نەوەکان بەچەندین ڕێگەی جیاواز کایگەریی ئەرێنی و نەرێنی هەبووە لەسەر سیاسەتە کۆمەڵایەتییەکانی حکومەت، بەڵام بۆچوونەکان

لـە نێـوان لێتوێـژراوان جیـاواز بـوون، بۆچوونێکیـان وای ئەبینێـت، کەلێنـی نـەوەکان کایگەریـی ئەرێنـی هەبـووە لـەوەی کـە وای کـردووە دوای ئـەوەی حکومـەت هەسـتی بـەو دابـڕان کـردووە لـە نێـوان گەنـج و نوخبـەی سیاسـیی کـردووە پێداچوونـەوە بـۆ بەشـێکی سیاسـەتەکانی بـکات، وەکـو گۆڕینـی ئەولەویەتەکانـی سیاسـەت و چاکسـازی کـردن لـە بـواری خزمەتگوزارییەکانـی پـەروەردە، تەندرووسـتی، بـواری کۆمەڵایەتیـی، وەبەرهێنـان لـە توانـای گەنجـان، ئەمـەش وای کـردووە ئاسـتی وشـیاری کۆمەڵگـە بـە گشـتیی، و گەنجیـش بـە تایبەتـی. ئەمـەش بـووە بـە پاڵنەرێکـی بـاش تـا گەنـج بەشـداری لـە چالاکیـە جۆراوجـۆرەکان و بـە تایبەتیـش چالاکیـە سیاسـییەکان بکـەن و وشـیاری سیاسـییان بـەرز بێتـەوە و حوکومەتیـش زیاتـر گرنگـی بـە وەبەرهێنـان لـە توانـای گەنجـان بـدات. و دەرفەتـی زیاتریـان بـۆ بڕەخسـێنێت.

بـەڵام بۆچوونێکـی تـەواو پێچەوانـە لەلایـەن هەندێـک لێتوێـژراوی تـر هەیـە، کـە بـە نەرێنـی لـە ڕۆڵـی کەلێنـی نـەوەکان دەڕوانـن، وای دەبینـن کەلێنـی نـەوەکان ئەوەنـدەی کایگەریـی خراپـی لەسـەر دۆخـی گەنـج درووسـت کـردووە، ئەوەنـدە سـوودی و کایگەریـی ئەرێنـی نەبـووە بـۆ پرسـی گەنـج. ئـەم بەرەیـە پێـی وایـە، کەلێنـی نـەوەکان لـە زۆربـەی بوارەکانـی کۆمەڵـگای کـوردی و بـواری سیاسـیی بەتایبەتـی زۆر شـپرزەیی درووسـت کـردووە. نوخبـەی سیاسـیی بـە هـۆی زۆری تەمەنیـان و جیاوازییەکـی زۆری تەمـەن لـە نێـوان هـەردوو نـەوە وای کـردووە کـە سیاسـییەکان بـە هیـچ شـێوەیەک لـە خواسـت و توانـا و داواکاری گەنجـان تێنەگـەن، هۆکارێکـی تـر ئەوەیـە کـە سیاسـییەکان هێشـتا بـە ئـاوەز و نەفەسـی شـاخ و خێڵگەرایـی خەریکـی سیاسـەتکردنن لـە کاتێکـدا گەنجـی ئێسـتا تـەواو جیـاوازە و دەسـت و پەنجـەی لەگـەڵ تەکنەلۆژیـادا نـەرم کـردووە، ئەمـە وای کـردووە کـە حکومـەت نەتوانێـت سیاسـەتە کۆمەڵایەتییـەکان و خزمەتگوزارییەکانـی بەشـێوازێک بـن لـە ئاسـت چاوەڕوانـی گەنـج دابێـت، هەروەهـا خواسـتەکانی گەنجـان پێکبێنێـت، ئەمـەش دابڕانێکـی زۆری سیاسـیی، کۆمەڵایەتیـی و ئابووریـی درووسـت کـردووە لـە کۆمەڵـگادا.

لێـرەدا ئەکرێـت ئـەوە بگوترێـت، کەلێنـی نـەوەکان بـە گشـتیی، کایگەریـی هەبـووە لـەوەی کـە حوکومەتـی هەرێمـی کوردسـتان لـە رابـردوودا نەیتوانیـوە سیاسـەتەکانی بەپێی خواسـت و وویسـتی گەنـج ڕێکبخـات، ئەمەش بە هـۆی گرینگیدانی حکومـەت بـە کۆمەڵێـک بابەتـی تـر، هەروەهـا بوونـی جەنگـی دژی داعـش، کێشـەی بـەردەوام لەگـەڵ حوکومەتـی ناوەندی لـە بەغـداد و نەبوونـی ڕوئیایەکـی دیـار و ڕوون بـۆ پرسـی گەنـج. بـەڵام پێئەچێـت لـە ئێسـتادا حکومـەت دەسـتکردبێت بـە گۆڕینـی سیاسـەتەکانی و گرنگـی دانـی زیاتـر بـە پرسـی گەنـج لـە کۆمەڵـگادا، سـەرۆکی حکومـەت لـە زۆربـەی ووتارەکانـی بـە تایبەتییـش لـەو ووتـارەی لـە ئاهەنگـی دەرچوونـی قوتابیانـی زانکـۆی کوردسـتان ئامـاژەی بـەوەدا کـە بـە شـێوەیەکی ئەرێنـی لـە ڕۆڵـی گەنـج دەڕوانێـت و هەوڵـی پاڵپشـتی کردنـی گەنـج ئـەدات بـۆ کوردسـتانێکی ئاودانـتر.

هەرچەنـدە ئەتوانیـن بڵێـن ئـەو پاڵپشـتی و گرنگـی دانـە بـە پرسـی گەنـج لـە ئاسـتی کرداریـدا دەرەنجامێکـی وای نەبـووە و هێشـتا لـە ئاسـتی گووتـاردا ماوەتـەوە. هەسـتئەکرێت حوکومەتـی هەرێمـی کوردسـتان سـەبارەت بـە پرسـی گەنـج هێشـتا بەشـێوەیەکی هەڕەمەکـی کار بـکات و سیاسـەتێکی دیـار و وردی نەبێـت بـۆ پرسـی گەنـج وەک ئـەوەی کـە لـە وڵاتانـی پێشـکەوتوودا هەیـە وەک بەڕێـز (ج،ح) ئەڵـێ ''ئێمـە وەکـو وەزارەتـی ڕۆشـبیری حوکومەتـی هەرێمـی کوردسـتان نـەک خاوەنـی سیاسـەتی تایبـەت بـە گەنـج نیـن، بەڵکـو تـا ئێسـتا ڕوانگەیەکـی ڕونیشـمان نیـە بـۆ ئـەو بابەتـە. چەنـد هەڵێـک هەبـووە بـۆ ئـەوەی بـە هـاوکاری حوکومەتـی عێراقـی بتوانیـن سیاسـەتێک دابڕێژیـن کـە بـۆ تـەواوی گەنجانـی عێـراق بگونجێـت بـەڵام تـا ئێسـتا نەمانتوانیـوە بگەینـە دەرەنجـام''.

ئەمـە لەلایـەک، لەلایەکـی تـر زۆربـەی ئـەو بەرپرسـانەی جومگـە جیاوازەکانـی دەسـتەڵاتیان بـە دەسـتەوەیە، لـە نەوەیەکـی کۆنـترن بـە بـەراورد بـەو نەوانـەی کـە ئێسـتا لـە کۆمەڵـگادا هـەن، هەروەهـا بـە نەفەسـی حیزبـی یـان ئایدیۆلۆژیایەکـی

تایبـەت کار ئەکـەن، ئەوەنـدەی گرنگـی بـە چالاکـی و بەرژەوەندییەکانـی حیـزب و ئایدیۆلۆژیاکانیـان ئەدرێـت، پێناچێـت ئەوەنـدە گرنگـی بـە خـودی پرسـی گەنـج بدرێـت، هەروەهـا زۆر جـار هەوڵـدراوە کۆمەڵگـە لـە رووی سیاسـیی وشـیار بکرێتـەوە، بـەڵام لەبـەر ململانێـی حیزبـی و ئایدیۆلـۆژی، ئـەو بابەتـە بـە لاڕێـدا بـردراوە و پرسـی گەنـج بـووە بـە قوربانـی ململانێکانیـان و خـودی نوێنەرایەتـی گەنجیـش خـۆی زۆر لاوازە و توانـای فشـار درووسـتکردنیان نیـە بـۆ سـەر حیزبـەکان و حوکومەتیـش.

٢/ تێڕوانین بۆ رۆڵی گەنج لە بواری سیاسەتکردن لە هەرێمی کوردستان.

سـەرەڕای هەوڵـی زۆری داکۆیکارانـی مافەکانـی گەنجـان لـە هەمـوو ئاسـتەکان، گەنـج تـا ئێسـتاش ئاسـتەنگی زۆری لـە بەشـداری کردەیـی بڕیـاری سیاسـیی بـۆ درووسـت بـووە. هـەر ئەمـەش وای کـردووە شـارەزایان بۆچوونیـان جیـاواز بێـت، لـە چۆنیەتـی بەرەنگاربوونـەوەی ئـەو دۆخـە نالەبـارەی دووچـاری هاتـوون.

هەندێـک لـە چالاکوانانـی بـواری مافەکانـی گەنجـان بـە باشـی دەزانـن لـە چوارچێـوەی سیسـتەمی جیهانـی بـاو داوای مافەکانیـان بکـەن، کەچـی هەندێکـی تـر بـە باشـی دەزانـن سـتراتیژیەتی دژ بـە سیسـتمی جیهانی بـاو بگرنە بەر، (فیشـتریش، ٢٠٠٢) چونکـە ئـەو سیسـتمە جیهانیـە بـاوە هەڵقـوڵاوی سیسـتەمی سـەرمایەدارییە، لەگـەڵ چەوسـانەوەی گەنـج هاودەنگـە (Winship & Harding, ٢٠٠٨). بۆیـە (میریـل مینـدزی) ئەڵـێ، ئەگـەر پێویسـت بێـت گەنجـان و ژنـان ڕزگاریـان بێـت، ئـەوا ئەبێـت لـە دەسـتەڵاتی پیاوسـالاری و خێلگەرایـی کـەم بکرێتـەوە، چونکـە پەیوەنـدی نێـوان هـەردوو سیسـتەمەکە پێـش هـەر شـتێک پەیوەندییەکـی سیاسـییە و چەندیـن سـاڵە کـە سیسـتەمی سیاسـیی لەلایـەن نـەوەی بەسـاڵاچوو و پیاوانـەوە قۆرخکـراوە و کەمتریـن ڕێگـە پێـدان بـۆ کەسـانی تـر هەیـە (Mindzie, ٢٠١٥).

لەلایەکـی تـر (گێرانـت پـاری) پێـی وایـە بەشـداری سیاسـیی، واتـە بەشـدارییە لـە هەندێـک کـردەی سیاسـیی، کـە بەشـداربوو توانـای کایگەریـی درووسـتکردنی هەبێـت لـە بڕیـاری سیاسـیی، ئەگـەر نـا بەشداریکردن بەبـێ کایگەریـی درووسـتکردن، بشـداربوو وەک کاڵا پیشـان ئـەدات، و زیـان بـە داهاتـووی بەشـداربوو دەگەیەنێـت و زیـان بـە پرۆسـەی سیاسـییش دەگەیەنێـت (سـهید فهمـی، ٢٠٠٧).

هەندێـک لـەو توێژینەوانـەی کـە لـە کۆمەڵگـە جیاجیاکانی جیهـان ئەنجـام دراون، بـە چەندین شـێوەی جیاواز ئاستەنگەکانی بـەردەم بەشـداری کردەیـی گەنـج لـە بڕیـاری سیاسـیی تیانـدا پیشـان دراون، بـۆ نموونـە لـە توێژینـەوەی (Hessami & Da Fonseca, ٢٠٢٠) ئـەوەی دەرخسـتووە، کـە لەسـەر ئاسـتی جیهـان بەشـداری گەنـج لـە کایـەی سیاسـیی و بڕیـاری سیاسـیی زیاتـر بـووە، بـەڵام کایگەرییـان لـە کۆمەڵگەیـەک بـۆ یەکێکـی تـر جیـاوازە.

هەرچـی ئـەو لایەنـە مەیدانییەیـە کـەوا توێـژەر ئەنجامـی داوە، نموونەکانـی توێژینـەوە کـە چەندیـن ئاسـتەنگی جۆراوجۆریان خسـتەڕوو، کـەوا پێیـان وابـوو لـە هەرێمـی کوردسـتان هـەن، بـە هۆیانـەوە گەنـج نەیتوانیـوە رۆڵـی لـە بڕیـاری سیاسـیی بـە کردەیـی هەبێـت، ئەوانیـش بریتیـن لـە: ئـاوەزی خێڵگەرایـی، کولتـوور و دابونەریتـەکان، ئاییـن، ناوشـیاری گەنـج بـە مافەکانـی و بەربەسـتی سیاسـیی لـە گرنگتریـن ئاسـتەنگەکانی بـەردەم گەنجـن لـە هەرێمـی کوردسـتان. لـە بەرامبـەردا نموونەکانـی توێژینەوەکـە چەندیـن ڕێگەچـارەی کردەییـان خسـتنڕوو، تـا بـە هۆیانـەوە بتوانرێـت گەنجیـش ئـەو مافانـەی دەسـت بکـەون، کـە دەمێکـە لێـی قـۆرخ کـراوە و لێیـان بـێ بـەش بـووە، ئەوانیـش: گەنجـان خۆیـان پـڕ مەعریفـە بکـەن و وشـیاری گشـتییان لـە هەمـوو ئاسـتەکانی کۆمەڵگـە بـەرز بکەنـەوە، پێویسـتە گەنـج سـوود لـە کایـەی پـەروەردە وەربگرێـت، بەرەنگاربوونـەوەی کولتـووری پیاوسـالاری و ئـاوەزی خێڵگەرایـی بـە هـۆی وشـیار کردنـەوەی کۆمەڵـگا، کـە گەنجیـش توانـای

سیاسـەتکردنیان هەیـە، دەرکردنـی چەنـد یاسـایەک لـە پەرلەمـان بـۆ بەرەنگاربوونـەوەی توندوتیـژی سیاسـیی بەرامبـەر گەنـج و باشـترکردنی دۆخ و گوزەرانـی گەنـج، حوکومەتـی هەرێـم و حیزبـە سیاسـییەکان پاڵپشـتی ئـەو گەنجانـە بکـەن کـە لێهاتـوون لـە کایـە جیـاوازەکان و بەتایبەتیـش کایـەی سیاسـیی نـەک هـەر گەنجێـک، و لـە کۆتاییـدا بوونـی ئابووریـی سـەربەخۆی گەنـج بـۆ ئـەوەی لـە ژێـر ئـەو هەژموونـە کۆمەڵایەتییـە بـاوە ڕزگاری بێـت.

بـە پێـی ئـەو تێگەیشـتنەی لـە چاوپێکەوتنـەکان و بەدواداچوونـی تیۆرییـەوە کردوومانـە بـۆ دەرکەوتـووە، ئەکرێـت هەمـوو ئـەو هۆکارانـەی بوونەتـە ئاسـتەنگ لـە بـەردەم گەنـج لـە بەشـداری سیاسـیی و بەشـداری کردەیـی لـە بڕیـاری سیاسـیی، بـە شـێوەیەکی لاوەکـی و لەسـەر ئاسـتی بچـووک ڕاسـت بـن، ئـەم دۆخـەی لاوازی ڕۆڵـی گەنـج لـە بەشـداری سیاسـیی و کرداری بڕیـاردان سـەبارەت بـە هەمـوو جیهـان ڕاسـتە، هەرچەنـدە لـە کۆمەڵگەیـەک بـۆ یەکێکـی تـر ڕێـژەی کاریگەرییـەکان بـەرزی و نزمـی بەخۆیـەوە ئەبینێـت، بـەڵام پێئەچێـت پەیوەنـدی بـە هێـز و هەژموونـداری چینـی دەسـەڵات بەسـەر گەنـج و بەتیابەتیـش ڕەگـەزی مـێ هەبێـت، بـەو واتایـەی تـا ئێسـتاش سیاسـەتی جیهانـی سیاسـەتێک نەبـووە لـە بەرژەوەنـدی گەنجدابێـت و زیاتـر خێڵگەراییـە و نێـر سـالارییە و تەنیـا دەسـەتی ڕەگـەزی نێـر و نـەوەی بەسـاڵاچووی تێـدا بـووە، کاتێـک گەنجێـک دێتـە نێـو کایـەی سیاسـیی، ئـەوا درێـژە پێـدەری ئـەو سیاسـەتەیە و ناتوانێـت گۆڕانـکاری لـە سیسـتەمی سیاسـیی بخوڵقێنێـت، کـە نـەوەی پێـش خـۆی بەرهەمـی هێنـاوە.

بـۆ ئـەوەی ئـەم ئاڕاسـتەیەش بگۆڕدرێـت، پێویسـتە بـە پلـەی یەکـەم خـودی چینـی دەسـەڵات و نـەوەی بەسـاڵاچوو ئـەو باوەڕەیـان بـۆ دروسـت بێـت، کـە سیاسـەتکردن کردەیەکـی سروشـتییە، و پێـش ئـەوەی کردەیەکـی کۆمەڵایەتیـی و مرۆیـی بێـت، واتـە سیاسـەتی تەندرووسـت ئەوەیـە، هەمـوو گرووپـە کۆمەڵایەتییـەکان و هەمـوو نـەوە جیـاوازەکان گرنگـن بـۆ سیاسـەتکردن، بـەڵام هەریەکـە لـە بەشـدارانی سیاسـەت وەک تەواوکـەری یەکـتر و دوانـەی سروشـتی پێویسـتن بـۆ سیاسـەت، و هەریەکـە و بـەو بەڕێـگا و میکانیزمـەی کـە خۆیـان هەیانـە و تایبەتمەنـدی هـەر گرووپێکـە، واتـە ئـەو ڕێـگا و میکانیزمانـەی گەنـج دەیانگرێتـە بـەر لـە سیاسـەتکردن، دەکرێـت لـە هەندێك بـار و لـە هەندێك دۆخ جیاوازتـر بێـت لـەو ڕێـگا و میکانیزمانـەی گروپێکـی تـر دەیانگرێتـە بـەر، ئەمـەش بـە هـەردوو گرووپەکـە تـەواو کاری پرۆسـەی سیاسـیی بەرهـەم دێت.

٣/ هەوڵەکانـی حکومەتـی هەرێمـی کوردسـتان بـۆ چارەسـەرکردنی کێشـەکانی گەنجـان لـە چوارچێـوەی سیاسـەتی کۆمەڵایەتیـی.

لـەم تـەوەرەدا هـەوڵ دراوە چەنـد پرسـیاری توێژینـەوە لـە یـەک قاڵـب بخرێنـەڕوو، و پەیوەنـدی نێوانیـان دەربخرێـت، لـە دەرەنجامـی وەڵامـی ئـەم پرسـیارانە سـێ بۆچوونـی جیـاواز خراونەتـەڕوو، ئەوانیش:

بۆچوونـی یەکـەم، بـە ئەرێنـی لـە هەوڵەکانـی حکومـەت و حیزبـە سیاسـییەکان دەڕوانـن، بـۆ نموونـە حوکومەتـی هەرێـم لـە ڕێـی چەنـد یاسـا و پرۆژەیـەک کـە ئاراسـتەی پەرلەمـان کـراوە داواکـراوە کـە کار بـۆ دانانـی سیاسـەتێکی کلتووریـی بکرێـت کـە تیـادا سیاسـەتێکی تایبـەت بـە گەنجیـش بەرهەمبێـت و کار بـۆ باشـتر دۆخـی گەنـج بکرێـت، تەنانـەت حکومەت و حیزبـە سیاسـییەکان یارمەتـی گەنجیـان داوە بێنـە نێـو کایـەی جیاجیاکانیـەوە و بەتایبەتیـش کایـەی سیاسـیی، تەنانـەت ئاسـانکاری زۆریـان بـۆ کـراوە، ئەمـەش بـە هەوڵـی حیزبـە سیاسـییکان بـووە.

بـەڵام بۆچوونـی دووەم بـە نەرێنـی لـە هەوڵەکانـی حکومەتـی هەرێـم و حیزبـە سیاسـییەکان دەڕوانـن، و وای دەبینـن ڕاسـت نیـن لـەو بارەیـەوە، تەنانـەت هەمـوو چیـن و توێژەکانـی تریـش لـە سـایەی حکومـەت و حیزبـە سیاسـییەکان مافەکانیـان پێشـێل کـراوە، چونکـە لـە کاتێکـدا هەوڵـدان ڕەوایـە، بـەڵام ئەوانـەی لـە ناوەنـدی بڕیـارن، باوەڕیـان بـە توانـا و

هێزی گەنج نیە، هەروەها وای دەبینن ئەو هەوڵانەی دراون، هەوڵی ڕواڵەتین و بۆ ڕازیکردنی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتییە بۆ بواری مافەکانی گەنجان، حوکومەتی هەرێمیش بە بێ کارایی و بە نادامەزراوەیی هەژمار ئەکەن، چونکە حیزب، حکومەت ئاڕاستە ئەکات.

هەرچی بۆچوونی سێیەمە جیاوازتر لە هەردوو بۆچوونی سەرەوەیە، وای دەبینن هەوڵەکانی حوکومەتی هەرێم نکۆڵی لێ ناکرێت بۆ باشتر کردنی دۆخی ئابووریی، کۆمەڵایەتیی و سیاسیی گەنج، بەڵام کێشەکە لەوەیە، حکومەت کارەکانی بێ پلان و شپرزەن لە هەموو ڕوویێک، ئەمەش لە سایەی هەردوو حیزبی دەستەڵاتدارە، کە نەیان توانیوە حکومەتێکی دامەزراوەیی و نیشتیمانی درووست بکەن و کەسانی پیشەگەر بخزێننە نێو دامودەزگا حکومییکان هەر وەک بریکاری وەزارەتی ڕۆشنبیری و لاوانی حوکومەتی هەرێمی کوردستان بەڕێز (ئ،ف) ئەڵێ "ئێمە کۆمەڵێك پرۆژەمان لە کابینەکانە جیاجیاکانی حکومەت پێشکەش بە دەستەی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران کردووە، بۆ نموونە یەکێك لە پرۆژەکانمان، کە من خۆم یەکێک بووم لە ئەندامانی پرۆژەکە لەم کابینەی حوکومەتی هەرێم، داوامان کرد کە حکومەت کار لەسەر داڕشتنی سیاسەتی کلتووریی بکات بۆ ئەوەی سیادەی پرۆژەکانی پێ ڕێکبخرێتەوە".

توێژەر وای ئەبینێت بۆچوونەکانی سەرەوە هەموویان بە ڕێژە ڕاستییان تێدا بێت، بەڵام ئەکرێت ئەوەش بگوترێت، کەوا سەرەڕای شپرزەیی و پاشاگەردانی لە نێو دامودەزگا حکومییەکان و حیزبە سیاسییەکان بۆ پرسی بەشداری گەنج لە کایەکانی ئابووریی، سیاسیی و کۆمەڵایەتیی، هەوڵەکانیان بێ پلانی پێوە دیار بووە.

هۆکارێکی تریش ئەوەیە گەنج لە کۆمەڵگەی کوردی پێئەچێت بەرپرسی یەکەم بێت، کە نەیانتوانیوە ئەو وێنەیە پیشانی کۆمەڵگە و تەنانەت خودی گەنجیش بدات، بەوەی توانای سیاسەتکردنی هەروەک نەوەکانی تر هەیە. بۆ نموونە لە کاتی چاوپێکەوتن لەگەڵ لێتوێژراوان، هەست بەوە کردراوە کە زۆرینەی گەنج لە رووی مەعریفی و زانستی وەک پێویست نەبوون، بە بەراورد بە گرووپەکانی تر، هەروەها هەندێک لەو گەنجانەی پۆستی باڵای حکومییان هەبوو، پێئەچێت لە رووی ڕۆشنبیری و زانستی لاواز بن.

لەلایەکی تریش پێئەچێت لە ڕێی خزمایەتی و نزیکی لەگەڵ سیاسییە باڵاکان هەندێک گەنج بە تایبەت ڕەگەزی مێ هاتبنە نێو کایەی سیاسیی و کارگێڕی، کە وێنەی گەنج و ڕەگەزی مێیان بەرامبەر کۆمەڵگە ناشرینتر کردووە، هەرچەندە ئەمە سەبارەت بە گرووپەکانی تر و پیاوانیش ئەکرێت ڕاست بێت، کە کەسی بێ توانا لەناو کایە جیاوازەکان و بەتایبەتی کایە سیاسییەکان و کارگێڕییەکان دەبینرێن، بەڵام کۆمەڵگە زیاتر چاوی لە گەنج و ڕەگەزی مێیە بەتایبەتی، چونکە ئاوەزی خێڵگەرایی و پیاوسالاری لە نێو هەردوو ڕەگەزی نێر و مێ و تەواوی گرووپە جیاوازەکانی تەمەن لە بونیادی کۆمەڵگە زاڵن، بۆیە پێویست ئەکات گەنج بەرپرسانەتر و وردتر مامەڵە لەگەڵ ئەو دۆخە بکات.

## ئەنجامەکانی توێژینەوە:

یەکەم/ ئەو ئامانجەی ئەڵێ، ( دەرخستنی کایگەریی کەلێنی نەوەکان لەسەر بوارە جیاوازەکانی کۆمەڵگەی کوردی لە هەرێمی کوردستان) لە ئەنجامدا دەرکەوتووە کە:

کەلێنی نەوەکان بە پلەی یەکەم کاریگەریی لە بواری ئابووریی لەسەر کۆمەڵگەی کوردی و خەڵکەکەی درووست کردووە، خەڵك بە گشتیی شێوە ژیانیان گۆڕاوە، کەوا لە کۆمەڵگەیەکی نەریتی و سادە بەرەو کۆمەڵگەیەکی پێشکەوتوو هەنگاوی ناوە لە رووی ڕواڵەتەوە، بە تایبەتی لە رووی گەشەی ماددی و ئامرازەکانی تەکنۆلۆژی، بەڵام

ئەم شێوە ژیانە و پێشکەوتنە ماددی و ئامرازییە، بە شێوەیەکی هەرەمەکی و ناهاوسەنگ هاتۆتە نێو کۆمەڵگە، بەو مانایەی بەبێ هیچ پلانێکی پێشوەختە و تۆکمە گەشەی کردووە.
هەروەها بەشێکی خەڵک لەو پەڕی خۆشگوزەرانی، بەشێکی تر لە ئاستێکی سادە دەژین. ئابووریی هەرێمی کوردستان لە جیاتی ئەوەی بەرەو باشتربوون و بوژانەوە بچێت، بە هۆی ئەو کۆمپانیا و دامەزراوە بیانییانەی روویان تێی کردووە، کەچی بەرەو داتەپین چووە، وای لێهاتووە، هەرێمی کوردستان دەیان ملیار دۆلار قەرزار بێت (ئەحمەد، ٢٠٢٠). ئەمەش لەوانەیە بە هۆی ناشارەزایی دەستەبژێری حوکمڕانی هەرێم بێت، چونکە بەشێکی زۆریان لە نەوەیەکی کۆنترن و زۆر ئاشنا نین لەگەڵ ئەو گۆڕانکارییە خێرایانەی بەسەر جیهاندا هاتووە و بەردەوامە، هاوتەریب سوودیش لە هێز و توانای نەوەی گەنجتر وەرنەگیراوە. هەروەها نییەتی بەشێکی زۆری ئەو کۆمپانیا و دامەزراوانەی کەوا روویان لە هەرێمی کوردستان کردووە، بۆ ساخکردنەوەی هەموو جۆرە کەلوپەلێك بووە، بەبێ ئەوەی سوودی بۆ خەڵکەکەی هەبێت، بەو مانایەی بە دەگمەن گرنگی بە بواری وەبەرهێنان دراوە.
لە رووی سیاسییەوە، کەلێنی نەوەکان دابڕانێکی زۆری درووست کردووە لە نێوان گەنج و دەستەبژێری سیاسی لە هەرێمی کوردستان، کە بووە بە هۆی ئەوەی نەتوانرێت وەک پێویست سوود لە دەرفەتەکان و سەرچاوەکان وەربگیرێت، هەروەها گەنج نەیتوانیوە بە هۆیەوە گوزارشت لە مافەکانی بکات. ئەم دابڕانە زۆرە هۆکارێک بووە کە دەستەبژێری سیاسی کورد و تەنانەت دەستەبژێری رۆشنبیریش وەك پێویست نەیانتوانیوە سوود لە هێز و توانای گەنج وەربگرن و دەرفەتەکان بەکاربهێنن، تا حوکومەتێکی تەکنۆکراتی، دامەزراوەیی و نیشتیمانی درووست بکەن و متمانەی جیهان بەو هەرێمە پەیدا بکەن. هەرچەندە بەشێکی ئۆباڵەکەی ئەکەوێتە ئەستۆی جیۆپۆڵەتیکی هەرێمی کوردستان، کە لە ناوچەیەکی ستراتیژی جیهان دایە، و ناسراوە بە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست، چونکە هەر لە دێرزەمانەوە شوێنی ململانێی زلهێزەکانی جیهان بووە، ئەمەش وایکردووە کە حوکومەتی هەرێم زیاتر گرنگی بە بابەتە نێودەوڵەتیەکان و چارەسەرکردنی کێشە و ململانێکان و بەهێزکردنی پەیوەندییەکانی هەرێم و کەمتر پەرژاوەتە سەر پرسە نێوخۆییەکانی تر.
لە رووی کولتووریشەوە گۆڕانکاری لە بونیادی کۆمەڵگە بە گشتیی درووست بووە، وایکردووە بونیادی خێڵ، بونیادی خێزان و بەها کۆمەڵایەتییەکانیش بگۆردرێن، بەمەش لە هەندێك باردا ئەم بونیادانە بەرەو نوێبوونەوە هەنگاویان ناوە، کەچی لە هەندێك باری تر دا، بەرەو دژیەکی و لێکترازان هەنگاویان ناوە، وەك تێکەڵبوونی ئاوەزی خێڵ لەگەڵ کرداری سیاسیی، زیاتربوونی لێکترازانی خێزانی و ململانێی نێوان هاوسەران، زەقبوونەوەی تاکگەرایی و هی تر.
دووەم/ ئامانجی (زانینی کایگەریی کەلێنی نەوەکان لەسەر پێگەی سیاسیی گەنج لە هەرێمی کوردستان، کە وایکردووە دۆخی گەنج لەرووی سیاسییەوە گۆڕانکاریی بەسەر بێت) ، لە ئەنجامدا توێژەر بەم خاڵانە گەیشتووە:
دۆخی سیاسیی گەنج بە هۆی دیاردەی کەلێنی نەوەکانەوە گۆراوە، ئەم کرانەوە زۆرە بە رووی جیهاندا وایکردووە گەنجیش حەز بە بواری سیاسیی بکات، بەڵام لە رابردوودا بە هۆی ئەوەی کە دەستەبژێری سیاسیی لە هەرێمی کوردستان نەیتوانیوە متمانە بە توانا و هێزی گەنج بکات، بۆیە گەنج نەیتوانیوە وەک پێویست رۆڵ بگرێت لە بواری سیاسیی و پێگەیەکی بەهێز بۆخۆی بونیاد بنێت. لە مێژووی کورد بەم شێوە فراوانەی چەندساڵی رابردوو گەنج ئارەزووی سیاسەتی نەکردووە، بە دەگمەن نەبێت نەوەی نوێ و بەتایبەتیش ژن کاری سیاسیی نەکردووە، بۆیە لە سایەی بەجیهانیبوون و کرانەوە بە رووی جیهاندا گەنج دەست بکات بەوەی رۆڵێکی کایگەریی هەبێت لە پرۆسەی سیاسیی، بەڵام لە رووی کواڵیتی جێگای نیگەرانی داکۆکیکارانی مافەکانی گەنجانە، کە تا ئێستاش گەنج نەیتوانیوە

ڕۆڵی کردەیی لە بەشداری سیاسیی و بڕیاری سیاسیی هەبێت .

ئۆباڵی لاوازی ڕۆڵی گەنج لە بەشداری و بڕیاری سیاسیی بە پلەی یەکەم ئەکەوێتە ئەستۆی گەنجان، ڕێکخراوەکان و بزوتنەوەکانیان، کە نەیانتوانیوە وەك پێویست لە رووی مەعریفی، ڕۆشنبیری و زانستی پێش بکەون، هەروەها نەتوانراوە گوتارێکی یەکدەنگ لە نێوان گەنجان لە هەرێمی کوردستان دروست بکرێت.

سێیەم/ ئەو ئامانجەی توێژەر پێشانیداوە (زانینی هەوڵەکانی ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان و ناوخۆییەکان کە کاریان بۆ بەرەوپێشچوونی گەنج کردووە لە هەرێمی کوردستان، تا ببێت بە بەشدارێکی کردەیی لە بریاری سیاسییدا) دەرکەوتووە:

بە گشتیی ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان فشاریان خستۆتە سەر دەستەبژێری سیاسیی و لایەنی پەیوەندیدار، تا دۆخی سیاسیی، ئابووریی و کۆمەڵایەتیی گەنج باشتر بکەن، و گەنجانیش ڕۆڵ و بەشداری کردەیان هەبێت لە کۆمەڵگاکانیاندا و بە تایبەتیش لە بڕیاری سیاسیی، بەڵام فشارەکانیان زیاتر وەك داواکارییە نەك ناچارکردن بێت.

ڕێکخراو و بزوتنەوەکانی گەنجانی نێوخۆییش هەوڵیانداوە فشار بخەنە سەر لایەنی پەیوەندیدار بەو مافانەیان، بەڵام فشارەکانیان لاواز دەردەکەوێت، ئەمەش لەبەر چەندین هۆکاری وەك: پاشکۆیی، بەحیزبیبوونی زۆربەی ڕێکخراوەکانیان، ناچالاکی زۆربەی ڕێکخراو و بزوتنەوەکانی داکۆکیکار لە گەنجان بە هۆی بێتوانایی کاراکتەرە داکۆکیکارەکانی، لاوازی متمانەی خەڵك بەو ڕێکخراوانە و هی تر. هەروەها زۆربەی ڕێکخراو و بزوتنەوەکانی گەنجان ڕابەرایەتی گەنجانی کۆمەڵگەی کوردی ناکەن، بەڵکو لە جیاتی ئەوەی متمانەی گەنجانی نێو کۆمەڵگە بەو ڕێکخراو، بزوتنەوانە و چالاکوانەکانی زیاتر بێت، کەچی هەست دەکرێت هەستیاری و تەشەنوج لە گەشەسەندن دایە. لە لایەکی ترەوە ناڕوونی ئامانجە باڵاکانی ڕێکخراو و بزوتنەوەکانی داکۆکیکار لە مافی گەنج، ئەوەش زیاتر بە هۆی زاڵبوونی هزری ئایدیۆلۆژی و ئایینزایی بەسەر ئامانجە باڵاکانیان، کە کارکردنە بۆ سەرخستنی پرۆسەی دەستەبەرکردنی مافە کۆمەڵایەتیی، ئابووریی و سیاسییەکانی گەنج و بەشداری کردەیی گەنجە لە کایەی سیاسیی.

چوارەم/ کۆتا ئامانج کە بریتییە لە (دەستنیشانکردنی ئەو ئاستەنگانەی، کە بوونەتە ڕێگر لە بەردەم گەنج، تا بێتە نێو کایەی سیاسیی)، دەرکەوتووە کە:

زۆرترین ڕێگری لە بەردەم گەنج لە هاتنە نێو کایەی سیاسیی، بریتییە لە ئاوەزی خێڵگەرایی، پیاوسالاری و باوەڕ نەبوون بە هێز و توانای گەنج، کەوا باوەڕ وایە گەنج ناتوانێت وەک پێویست سیاسەت بکات بەتایبەتی ڕەگەزی مێ و بۆ ئەو بوارە گونجاو نییە، تەنانەت زۆربەی گەنجان و ڕەگەزی مێی کۆمەڵگەش ئەو باوەڕەیان هەیە. کولتووری خێڵگەرایی لە کۆمەڵگەی کوردی تا ئێستاش بە بەهێزی لە هەموو جومگەکانی بونیادی کۆمەڵگە ئامادەیە، بە تایبەتیش لە کایەی سیاسیی، کەوا ڕێگرە لە بەردەم بەشداری کردەیی گەنج لە بڕیاری سیاسیی.

## ملخص البحث:

الغرض الرئيسي من هذه الدراسة هو تقييم وتسليط الضوء على دور الفجوة بين الأجيال كسبب لعدم تمكن حكومة إقليم كردستان من وضع سياسة مناسبة تجاه قضية الشباب ومشاكلهم في المجتمع. ويركز هذا الهدف على عملية بناء سياسة اجتماعية قوية ضمن سياسات حكومة إقليم كردستان. واستخدمت الأساليب النوعية والمقابلات المتعمقة وأخذ العينات الهادفة لجمع البيانات. بالإضافة إلى ذلك يتكون مجتمع وعينة البحث من ١٠ أفراد يشمل كافة الشخصيات والشخصيات السياسية والأكاديمية والفكرية التي تم اختيارها وتزويدها بالمعلومات حول موضوعات محددة تتعلق

بالبحث. وبعد الحصول على المعلومات، فإن إحدى الاستنتاجات هي أن الفجوة بين الأجيال خلقت فجوة كبيرة بين الشباب والنخبة السياسية في إقليم كردستان، مما منعهم من الاستفادة من الفرص والموارد. وقد تسببت هذه العزلة في فشل النخبة السياسية الكردية وحتى النخبة المثقفة في الاستفادة من قوة وقدرة الشباب واستغلال الفرص لتشكيل حكومة تكنوقراط مؤسسية ووطنية لكسب ثقة العالم. إقليم كوردستان، الذي يقع في منطقة استراتيجية من العالم، والمعروفة باسم الشرق الأوسط، لأنه كان منذ فترة طويلة مكاناً للصراع بين القوى العالمية، الأمر الذي دفع حكومة إقليم كوردستان إلى إيلاء المزيد من الاهتمام للقضايا الدولية ومواضيع أخرى.

## Abstract:

The main purpose of this study is to assess and highlight the role of the generational gap as a reason why the Kurdistan Regional Government has not been able to have an appropriate policy towards the issue of youth and their problems in society. This goal is focused on the process of building a strong social policy within the policies of the Kurdistan Regional Government. Qualitative methods, in-depth interviews and purposive sampling were used to collect data. In addition, the research community and sample consist of ١٠ individuals, including all political, academic and intellectual characters and personalities who are selected and rich in information about specific topics related to the research. After obtaining the information, one of the conclusions is that the generational gap has created a huge gap between the youth and the political elite in the Kurdistan Region, which has prevented them from taking advantage of opportunities and resources. This isolation has caused the Kurdish political elite and even the intellectual elite to fail to take advantage of the strength and ability of the youth and use the opportunities to form a technocratic, institutional and national government to gain the trust of the world The geopolitics of the Kurdistan Region, which is located in a strategic region of the world, known as the Middle East, because it has long been a place of conflict between world powers, which has caused the Kurdistan Regional Government to pay more attention to international issues Other topics.

## سەرچاوە کوردییەکان:

ئیحسان محەممەد حەسەن (٢٠١٢). تیۆرە کۆمەڵایەتییە پێشکەوتووەکان. چاپی یەکەم، هەولێر، چاپخانەی ڕۆژهەڵات.

ئەحمەد، عومەر، (٢٠٢٠). هەرێمی کوردستان لەبەردەم قەیرانی کەڵەکەبوونی قەرزەکاندا، ناوەندی لێکۆڵینەوەی ڕووداو.

## سەرچاوە ئینگلیزیەکان:

Aguilar, Mario I (2015). The Constitution of Somaliland: The Problem of Constitutional Generations and Clan Dissolution, Scientific Research Publishing Inc.

Ali, Nazia & Faruqui, Aisha (2022). To Study the Conflict between three Generations of Men and Women,

Indian Journal of Physiotherapy and Occupational Therapy. April-June 2022, Vol. 16, No.2.

Bokina, John and Lukes, Timothy J. (1994), Marcuse: New Perspectives (Lawrence, Kansas: University of Kansas Press,).

CERUTTI, FURIO (2017). Conceptualizing Politics (An introduction to Political Philosophy, Routledge Taylor and Francis Group, London and New York.

Clark LS (2009). Digital media and the generation gap: Qualitative research on US teens and their parents. Information, Commun Soc;12(3).

El Nasser H & Grant L (2005), Diversity tints new kind of generation gap. USA Today.

Falk G, Falk UA (2005). Youth culture and the generation gap. Algora Publishing.

FURLONG, A & WOODMAN, D. (2015). Youth studies: past, present and future. In A. Furlong & D. Woodman (eds.) Youth and young adulthood. (pp. 120-). London: Routledge.

Gravett L & Throckmorton R (2007). Bridging the generation gap: How to get radio babies, boomers, Gen Xers, and Gen Yers to work together and achieve more. Career Press.

Gravett L, Sphr LG, Throckmorton MA (2009). Bridging the generation gap. ReadHowYouWant.com.

HANIFAH, HASNA & NUGRAHA, AHMED (2022). Social Theory and Society perspective of Emile Durheim, Researchgate.com.

HESSAMI, ZOHAL AND DA FONSECA, MARIANA LOPES (2020). Female Political Representation and Substantive Effects on Policies – A Literature review, (I Z A) Institute of Labor Economics, Initiated by Deutsche Post Foundation, Bonn- Germany, www.iza.org.

Howe, Neil and Strauss, William. 1991. Generations: The History of America's Future, 1584 to 2069. New York: William Morrow & Company.

Kathryn, Edin & Lein, Laura. (1998). How Single Mothers Survive Welfare adn Low-Wage Work, New York: Russell Sage Foundation.

Kellner, Douglas (1989). Critical Theory and the Crisis of Social Theory, Pacific Sociological Association. Jstor.org.

KILMINSTER, RICHARD (2018). Karl Marx: New Perspectives. Researchgate.com.

Kumar Dhiman, Pawan & Jain, Seema (2016). Generations Gaps- Issues and Challenges, Saudi Journal of Humanities and Social Sciences.

LAWSON, TONY AND GARROD, JOAN (2003). Sociology handbook, 3rd Ed, Hodder Arnold.

LECARDR, CARMEN & FEXIA, CARLES (2010). The Concept of Generation in Youth Theories, Revista De Pedagogie NR. 58(4) 2010.

Mannheim, K. (1952). The Problem of Generations. Essays on the Sociology of Knowledge, London: Routledge.

McCrindle, M. (2007), From Builders & Boomers to Xers and Y's: A Social Report on Generations X & Y, McCrindle Research, Australia http://www.mccrindle.com.au/wp_pdf/BuildersBoomers_X_Y.pdf, Accessed 13 May 2022

MINDZIE, MIREILLE AFFA'A (2015). Building Peace and Development in the Sahel: Enhancing the Political Participation of Women and Youth, International Peace Institute Publications.

Pilcher, Jane (1994), Mannheim's Sociology of Generations: An Undervalued Legacy, The British Journal of Sociology, Vol. 45, No. 3.

ROOM, GRAHAM (2020), Social science and politics: From Max Weber to Brexit, Institute for Policy Research report.

Sarma J, De Jong K (2000). Generation gap methods. Evolution Compute.

Serra, Robert R (1971), A Conflict of Generations: The Generation Gap, Army War College Carlisle Barracks, Pennsylvania.

Shapiro A (2004). Revisiting the generation gap: Exploring the relationships of parent/adult-child dyads. The Int J Aging Hum Dev.

SHAYKHUTDINOV, RENAT (2019). Socialization, Rationality, and Age: Generational Gaps and the Attitudes toward the Chechen War in Russia. Florida Atlantic University. Politics & policy.

WINSHIP, CHRISTOPHER & HARDING, DAVID J (2008). A Mechanism-Based Approach to the Identification of Age-Period-Cohort Models. Sociological Methods & Research, 36, 3, Pp. 2008. Publisher's Version

WOODMAN, D., & WYN, J. (2015). Youth and generation: Rethinking change and inequality in the lives of young people. London.

## سەرچاوە عەرەبییەکان:

الخزرجي، د. ثامر كامل محمد و المشهداني، ياسر علي ابراهيم (٢٠٠٤). العولمة وفجوة االمن في الوطن العربي، ط١، دار مجدالوي للنشر والتوزيع، عمان.

سيد فهمي، د. محمد (٢٠٠٧). المشاركة االجتماعية و السياسية للمرأة فى العالم الثالث، ط ، دار الوفاو لدنيا الطباعة والنشر، االسكندرية.

الفقيه، د. شبر (٢٠٠٩). مفاهيم الفكر السياسي في االسالم (اشكالية االمة و الدولة(، ط١، دار مكتبة الهالل للطباعة و النشر، بيروت.